# له عوسمانیزمەوە بۆ سەربەخۆیی




نووسینی: مارتین ڤان بروینسن

وەرگێڕانی لە ئاڵمانییەوە: نادر فەتحی (شوانە)



سەماوەزی ساڵی ٢٠٢٤ی زایینی

## پێرست:


پێشەکی وەرگێڕ............................................................. 3

پاشخانی ئایینی و نەتەوەیی کوردان تا شۆڕشی شێخ سەعید........................ 9

ڕێبازی شێخەکانی نەقشبەندی و ناسیۆنالیزمی کوردی ............................ 13

چاکسازییەکانی دەوڵەتی عوسمانی و کاریگەرییەکانی لەسەر کۆمەڵگای کورد ............ 16

ڕاپەڕینی بەدرخان بەگ .............................................................. 24

هۆزەکانی کورد و سوڵتان-خەلیفە: گرووپی حەمیدییە.................................. 28

ئیسلام یان ناسیۆنالیزم؟.............................................................. 36

شەڕی جیهانی و شەڕی ڕزگاریی ........................................................ 40

ڕێکخراوە کوردییەکان و چالاکیەکانیان.................................................. 46

گەشەسەندنی نێودەوڵەتیی.............................................................. 59

سەرەتای نامۆبوونی دوو نەتەوەی کورد و تورک لەیەکتر .............................. 65

بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووریی شوێنی ڕاپەڕینەکان ................................ 74

شێخەکان ......................................................................... 78

پلاندانەری ڕاپەڕین...................................................................... 86

ڕاپەین و سەرکوتکردنەکەی.............................................................. 92

کاریگەرییەکانی ڕاپەڕین لەسەر سیاسەتی حکومەت.................................... 96

پوختەی باباتەکە ...................................................................... 101

## پێشەکی وەرگێڕ

مارتین ڤان بروینسن کۆمەڵناسێکی هۆڵەندییە. لە بواری فیزیك و بیرکاری و پاشان ئەنترۆپۆلۆژی و کۆمەڵناسی لە زانکۆی ئۆترێخت خوێندوویەتی. بەشێکی زۆری کتێبەکانی پەیوەندییان بە مێژووی نەتەوەی کوردەوە هەیە.

بروینسن پرۆفیسۆری لێکۆڵینەوەی بەراوردکاریی کۆمەڵگا موسڵمانە هاوچەرخەکانە. وەک زانایەکی تیۆری بواری فیزیك ڕاهێنراوە بەڵام دواتر لە بواری ئەنترۆپۆلۆژیدا چالاکی کردووە و چەندین ساڵ توێژینەوەی لەسەر نەتەوەی کورد، ئەفغان و ... ئەنجامداوە و لە نیزیکەوە ئەو ناوچانەی پشکنیوە. بەرهەمە چاپکراوەکانی بە هۆگرییەکی بەهێزەوە بۆ مێژوو و سیاسەتی ئەو ناوچانە تەرخان کردووە. یەکەمین کاری مەیدانی لە نێو کوردی ئێران، عێراق، تورکیا و سوریا لە ناوەڕاستی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا ئەنجام داوە و زۆرجار سەردانی ئەو ناوچانەی کردۆتەوە. لە نێوان ساڵانی ١٩٨٢ تا ١٩٩٤ بە گشتی نۆ ساڵی تەمەنی خۆی لە بواری توێژینەوە و وانەوتنەوە لە ئەندۆنێزیا بەسەر بردووە. لە گەڕانەوەی بۆ وڵاتی هۆڵەندا، ساڵی ١٩٩٤ وەک پرۆفیسۆری یاریدەدەری خوێندنی تورکی و کوردی پەیوەندیی بە فاکڵتەی هونەری زانکۆی ئۆترێختەوە کردووە. ساڵی

١٩٩٨ بووەتە پرۆفیسۆر. بەشداربووە لە دامەزراندنی پەیمانگای نێودەوڵەتی بۆ لێکۆڵینەوە لە ئیسلامی جیهانی مۆدێرن (ISIM) و کورسی لە زانکۆی ئۆترێخت (١٩٩٩-٢٠٠٨) پێدراوە. ئەندامی لیژنە زانستییەکانی ناوەندی ڕۆژهەڵاتی مودێڕن"Zentrum Moderner Orient" لە بەرلین و پاریس بووە.

لەبەر ئەوەی تا ئەم کاتە لەسەر هۆکارەکانی هەرەسهێنانی دەوڵەتی کوردیی سەردەمی شەڕەکانی جیهانی ناوەڕۆکی وردی وەك ئەم نووسراوەیەم بەرچاو نەکەوتبوو، ئەم بابەتەم وەرگێڕایە سەر زمانی کوردی و ئاگاداریش نیم پێش من کەسێکی دیکە تەرجەمەی کردبێت یان نا.

زۆربەی نووسین و وەرگێڕاوەکانی من پەیوەندیان بە ئەمڕۆ و بابەتی سەردەمەوە هەیە و تا ئێستا خۆم بە مێژووی ڕابردووەوە خەریك نەکردووە. هیوادارم توانیبێتم بەم وەرگێڕاوەیە بەرپرسانی کورد و حیزبە کوردییەکان بۆ یەکگرتوویی نەتەوەی کورد و سیاسەتی وڵاتانی دەوروبەری ناوچە کوردییەکان کە بەردەوام دژ بە بەرژەوەندیی پێکهێنانی کیانێکی کوردی جووڵاونەتەوە، ئاگادار بکەمەوە.

پێش شەڕی جیهانی یەکەم، سەرەڕای ئەوەی دیمەنی ئایینی کورد گەلێك ڕەنگاوڕەنگ بووە، ئیسلام دەورێکی سەرەکی لە ژیانی ئایینی و فەرهەنگی پێکهاتەکانی کورددا گێڕاوە. لێرەدا چەند لایەنێکی گرنگی ئایینی کوردی ئەو

سەردەمە بە کورتی دەخەمە ڕوو کە ڕەنگە بۆ تێگەیشتن لە بڕیاری بەرپرسانی ئەو سەردەمە دەوریان بووبێت:

کاریگەریی ئایینی ئیسلام:

ئیسلامی سوننە: زۆرینەی کورد، موسڵمانی سوننە بوون و پەیڕەوی قوتابخانەی یاسای شافیعی بوون کە لە ناوچە کوردنشینەکانی دەوڵەتی عوسمانی و ئێراندا بڵاو بووبووەوە.

سۆفیگەری: ڕێبازی سۆفیگەریی کاریگەرییەکی بەهێزی لەسەر ژیانی ئایینی و کۆمەڵایەتی هەبووە. ڕێبازی شێخەکانی نەقشبەندی و قادری بە تایبەتی، لەناو کۆمەڵگادا گەڵێك بەرچاو بووە. شێخەکانی سۆفی زۆرجار وەک سەرکردەی ڕۆحی و سەرکردەی سیاسی و پێکهاتە ناوخۆییەکان خزمەتیان کردووە.

ئیسلامی شیعە: کەمینەیەکی کورد بە تایبەتی لە ناوچەی وەک کرماشان، خانەقین، بیجاڕ و قوروە هەروەها عەلەوییەکانی تورکیا، سووریا شیعە بوون.

کەمینەی ئایینی ناوچە کورد نشینەکان

ئێزیدیی: ئێزدایەتی نەریتێکی ئایینی بەرچاو بووە لە نێو کورددا. ئێزیدییەکان ئایینێکی ناوازەیان بە توخمە کۆنەکانی میزۆپۆتامیا و زەردەشتی پەیڕەو دەکرد. پیرۆزگای سەرەکییان

لالەش "Lalisch" بووە، زۆرجاریش بە کۆمەڵگەیەکی داخراو دادەنران، کە ڕەنگە لە لایەکەوە بیتوانیبا پێش بە چەوسانەوەیان بگرێ بەڵام لەو لاشەوە زیاتر گۆشەگیریان بکات.

عەلەویزم: بزووتنەوەیەکیتری ئایینی بوو کە لە نێو هەندێک گرووپی کوردیدا بەتایبەتی لە ناوچەکانی ئەنادۆڵ خۆی بڵاو کردبۆوە.

ئایینی مەسیحی و جولەکە: لە ناوچە کوردنشینەکاندا کەمینەی مەسیحی و جوولەکەش هەبوون کە شانبەشانی کورد دەژیان. فرەچەشنی ئایینی بە تایبەتی لە ناوەندی شارەکانی وەک دیاربەکر و موسڵدا هەبووە.

ڕۆڵی ئایین لە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا

سەرکردە ئاینییەکان وەک دەسەڵاتدار: شێخ و سەرکردە ئاینییەکان نەک هەر دەسەڵاتی مەعنەویان هەبوو، بەڵکوو دەسەڵاتی سیاسیشیان هەبوو. زۆرجار ڕۆڵێکی چارەنووسسازیان لە ململانێ ناوخۆییەکان و لە پەیوەندیی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی عوسمانی یان ئێرانیدا گێڕاوە.

پێکەوە بەستنەوەی ئایین و خێڵگەرایی: زۆرجار ناسنامەی ئایینی لەگەڵ پێکهاتەی خێڵەکیدا تێکەڵ بووە و دڵسۆزیی ئایینی و خێڵەکیی تێکەڵ بە یەك کراون.

کاریگەری ئیمپراتۆریەتە گەورەکان

ئیمپراتۆریەتی عوسمانی: ئیسلام بەشێکی دانەبڕاو بوو لە ناسنامەی عوسمانی و کورد وەک موسڵمانی سوننە تا ڕادەیەکی دیاریکراو تێکەڵ بە سیستەمی عوسمانی کرابوو. پەروەردە و بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمی ئاینی لەلایەن زانایانی ئیسلامییەوە میکانیزمێکی باو بوو.

ئێران: لە ناوچە شیعەکانی ئێراندا زۆرجار سوننە کوردەکان لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندی شیعەدا گرژی و ناکۆکییان هەبووە.

فرەچەشنی ناوخۆیی: فرەچەشنی ئاینی ناوبەناو بەردەوام گرژی لە نێوان سوننە و ئێزیدی و پێکهاتەکانیتردا دروست دەکرد.

کاریگەرییەکانی سیاسەتی دەرەوە: زلهێزەکانی ئەوروپا و میسیۆنێر و ئەکتەرە سیاسییەکان دەستیان کردبوو بە کاریگەری لەسەر ناوچەکە، ئەمەش بووە هۆی گۆڕانکاریی و ململانێ لە پێکهاتەی ئاینی و کۆمەڵایەتیدا.

لێرەدا جێگای خۆیەتی لە ناخی دڵمەوە ڕێز و خۆشەویستی خۆم بۆ بەڕێز کاك ئەنوەر سوڵتانی دەربڕم کە بە پێداچوونەوە و ساغکردنەوەی هەڵەکانم یارمەتی داوم و

بابەتەکەی بۆ ڕاستکردوومەتەوە. دەستی خۆش و هیوادارم لە ژیانیدا وەك هەمیشە سەرکەوتوو بێ.

پایزی ساڵی ٢٠٢٤     نادر فەتحی (شوانە)

## پاشخانی ئایینی و نەتەوەیی کوردان تا شۆڕشی شێخ سەعید[1]

ڕاپەڕینی کوردان بە ڕێبەرایەتی شێخ سەعیدی نەقشبەندیی لە سەرەتای ساڵی ١٩٢٥ی زایینی، وەرچەرخانێکی گرنگ بوو لە مێژووی تورکیای کۆماریخوازدا کە بووە هۆکاری سەرەکی بۆ پێکهاتنی حکوومەتێکی دیکتاتۆریی لە تورکیا و دەرفەتی وەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسی بۆ مستەفا کەماڵ و عیسمەت پاشا گونجاو کرد. لێرە بەولاوە بەرنامەی چاکسازی کەمالیستی بە خێراییەکی زیاتر و بێ ڕەچاوکردنی ئۆپۆزسیۆن وەرێکەوت. بە هۆی پیشەکردنی سیاسەتی عیلمانییەت، نیشانە و هێماگەلێکی تروونا کرد کە پێشتر کورد و تورک هەروەها نەتەوە بچووکەکانیتری موسڵمان و ئایینەکانیتری لە ژێر چەتری خۆیدا کۆکردبۆوە. ئەو کارە هەوڵێکی ڕوون بوو بۆ جێگریی ناسیۆنالیزمی تورک لە جێگای ئایینی ئیسلام وەک ئایدۆلۆژیای دەوڵەت کە لە کردەوەدا مرۆڤی غەیرە تورکی زیاتر لە حکومەت دوور خستەوە. بەڵام جێگای سەرسوڕمانە زۆرێک لە کوردەکان هێشتا بە دڵسۆزیی و وەفادارییەوە لە پەنا ڕژێمی کەمالیستی مانەوە. لە ساڵانی دواتردا گەلێك ڕاپەڕینی کوردی ڕوویاندا؛ ڕۆژهەڵاتی

---

[1] First published in: Jochen Blaschke & Martin van Bruinessen (Hrsg), *Islam und Politik in der Türkei.* Berlin: EXpress Edition, 1985 (Reprint: Berlin: Parabolis, 1989), pp. 109-165.

تورکیا لە ساڵی ١٩٣٨ بەولاوە بە بەهایەکی قورس و ڕشتنی خوێنی گەلێك مرۆڤ برێك ئارام کرایەوە. بەڵام هەموو ڕاپەڕینەکان لە ڕووی جوگرافیاییەوە سنووردار مانەوە و لە هەندێک حاڵەتدا جاش و خۆفرۆشی کورد چالاکانە لە سەرکوتکردنی ڕاپەڕینەکانی کورددا بەشدار بوون.

دیارە هەندێک ڕاپەڕین بەڕاشکاوی ناسیۆنالیستی بوون: ئامانجیان دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی بوو. سەرۆک ویڵسن "Wilson" پێشتر لە "چوارده خاڵ"ی خۆیدا کە لە کاتی شەڕی جیهانی یەکەمدا دیاریکرابوو، ئاماژەی بە ئەگەرێکی لەو شێوەیە کردبوو و پەیماننامەی سێڤریش لە ساڵی ١٩٢٠دا ئەو دەرفەتەی بۆ نەتەوەی کورد ڕەخساندبوو. بەڵام لەو سەردەمەدا جوداخوازی بۆ گوندنشینانی کورد مانایەکی کەمی هەبوو. زۆربەیان بە دڵسۆزی کردن بۆ ئیمپراتۆریەتی عوسمانی مانەوە، هەرچەندە هەندێک جار دژ بە نوێنەرە ناوخۆییەکانی بورۆکراسی دەوەستان. هاوکات لەگەڵ شەڕی جیهانی یەکەمدا، زۆربەی کوردەکان پەیوەست بوون بە بانگەوازی سوڵتان-خەلیفە بۆ جیهاد. هەروەها لە شەڕی ڕزگاریدا کەمالیستەکان لە کۆکردنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی تورکیا گەلێك سەرکەوتووتر بوون لە ئینگلیزەکان کە هەوڵی هاندانی کوردانیان بۆ مەیلی جوداخوازیی و گەیشتن بە مافی سەربەخۆیی دەدا. جێگای سەرنجە، هەڵوەشاندنەوەی خەلافەت - واتە پێشەوای ئایینی ئیسلام - ڕۆڵێکی ناوەندی

له دڵسۆزیی زۆرێک له کوردەکاندا بینی و وەك یەك له هۆکارە سەرەکییەکان، شۆڕشی شێخ سەعید (١٩٢٥)ی لێکەوتەوە. بەڵام هەموو ئەوانەی له پشت ئەو ڕاپەڕینە وەستابوون، بە پاڵنەری ئایینییەوە هاوکاریی شۆڕشەکەیان نەدەکرد. ڕاپەڕینەکە لەلایەن ڕێکخراوێکی ناسیۆنالیستیەوە پلانی بۆ دانرابوو کە پێویستی بە شێخ سەعید وەک سەرکردە هەبوو، چونکە بۆ شۆڕشەکە کەسایەتییەکی خۆشەویستی خەڵکی گەلێك گرنگ بوو. له ڕاپەڕینەکانی دواتردا، توخمە ناسیۆنالیستەکان زیاتر جێگەی مرۆڤی دڵسۆزی ئایینییان له کوردستاندا گرتەوە.

له مێژوونووسی کەمالیستیدا[2]، ڕاپەڕینەکانی کورد بە گشتی وەک دوا هەڵوێستی هاووڵاتییەکی دواکەوتوو و کۆنەپەرستانە له دژی مۆدێرنیزاسیۆنی گەلێك پێویست بۆ وڵات نیشان دەدرێن و سەرکوتکردنیان وەک بەشێک له ئەرکی ڕژیم بۆ گەیشتن بە شارستانییەت سەیر دەکرێت. بە تایبەت ئەم مێژوونووسانە جەخت لەسەر چەوسانەوە و ڕووتاندنەوەی دانیشتووانێکی هەژار و نەفام له لایەن شێخ و سەرکردە عەشیرەتەکانەوە دەکەن کە سەرکردایەتی ئەم یاخیبوونانەیان لەسەر شان بووە. ڕاپەڕینەکان (شۆڕشی شێخ سەعید) وەک هەوڵدان لەلایەن ئەم دەسەڵاتە تەقلیدییانە بۆ بەرگریکردن یان وەرگرتنەوەی ئیمتیازات و

---

2 Zum Beispiel: Cemal 1955; Toker 1968; Golo_lu 1968-1974.

پێگەی دەسەڵاتی پێشوویان سەیر دەکرێت. گوایە ئەم دەسەڵاتدارانە - سەرکردەی ئایینیی، سەرۆک عەشیرەت یان فەرمانڕەواکانیتری تەقلیدی – هەستیان کردووە کە پێگەی خۆیان دەکەوێتە مەترسییەوە ئەگەر چاکسازی و سیاسەتی ناوەندگەرایی کۆماری نوێی تورکیا سەرکەوتوو بێ. واتە ڕاپەڕینەکان بە کاردانەوە لە بەرامبەر لەدەستدانی دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی، ئایینی یان سیاسی خۆیان لێکدراوەتەوە. بێگومان لەم ئارگیومێنتەدا بڕێك ڕاستیی و گەلێك دژ و پێچەوانەیی و تۆمەتی تێدایە بەڵام من پێموایە: ڕاپەڕینەکان ڕەنگدانەوەی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری پارێزگا کوردنشینەکان بوون، لە هەمان کاتیشدا تەنیا بەهۆی ئەو گۆڕانکاریانەی کە کۆمەڵگای کوردی پێش دامەزراندنی کۆمار بەسەریدا هاتبوو، دەتوانرا ڕوویدات.

شێخ سەعید یەکەم شیخی نەقشبەندیی نەبووکە لە ژێر دروشمی ناسیۆنالیستیدا سەرکردایەتی شۆڕشی کوردان بکات. ساڵی ١٨٨٠ شێخ عوبەیدیللای نەهری (لە هەکاری) ڕاپەڕینێکی مەزنی ڕاگەیاند. عوبەیدیللا بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی لە ناوچەی سنووری نێوان ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و ئێران داوای پاڵپشتی ڕوسیا و بەریتانیای کرد کە لە ڕادەبەدەر لاواز ببون. بنەماڵەیەکی دیکەی شێخەکانی نەقشبەندیی، هۆزی بارزانن لە باکووری عێراق، لە سەرەتای ئەم سەدەیەوە زۆرجار شورشیان دژ بە حکومەتە ناوەندییەکانی خۆیان بەڕێوەبردووە. برایەکی بچووکی دوو شێخە گرنگەکەی ئەم بنەماڵەیە، مەلا مستەفا بارزانی، بوو بە ناسراوترین سەرکردەی ناسیۆنالیستی کورد لەم سەدەیەدا. لە باشووری کوردستانیش، شێخێک – بەڵام نەک نەقشبەندیی، بەڵکوو ئەندامی ڕێبازی قادریی ڕکابەری، شێخ مەحمود بەرزنجی بوو- کە هاوکات هەنگاوی یەکەمی بەرەو دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی هەڵێنا. تەنانەت شێخ مەحمود لە ساڵی ١٩٢٢ خۆی بە پاشای کوردستان ناساند. زۆربەی هۆزە ناوخۆییەکان پشتگیریان

لێکرد، بەڵام پەیوەندیی لەگەڵ کەمالییەکانیشدا دروستکرد، و هەوڵیدا بەرامبەر بەریتانییەکان یارییان پێبکات.[3]

بەڕوونی تەریقەتەکان (سۆفیگەری) لە ساڵانی پێش ئەو شۆڕشانە لە نێو کورداندا زیاتر دامودەزگایەکی پاکی ئایینی بوون. دیارە هەموو شێخەکان نەبوونە سەرکردەی سیاسی، بەڵام جیا لە چەند کەس لەوان، کاریگەرترین سەرکردە سیاسییەکانی کورد شێخ بوون و زۆربەی ئەو شێخە "سیاسیانە" سەر بە ڕێبازی نەقشبەندییەکان بوون.

ڕێبازی نەقشبەندی لانیکەم لە سەدەی ١٧ ەوە لە کوردستاندا بوونی هەیە. هەر لە ساڵی ١٦٣٩دا، سوڵتان مورادی چوارەمی عوسمانی، شێخێکی کوردی لە دیاربەکر لەسێدارە دا، چونکە کاریگەرییەکی زۆری لەناو کورداندا هەبوو. لەو کاتەدا دەگوترا ئەم شێخە ٤٠ هەزار شوێنکەوتووی هەیە و گومانی ئەوەی لێدەکرا پلانی یاخیبوون دابڕێژێت(Bruinessen 1988). پێدەچێت ڕۆڵی سیاسی ئەم ڕێبازەی لە نێو کورددا گێڕاوە، مێژوویەکی دوور و درێژی هەبێت. بەڵام ڕوونە کاریگەریی سیاسی ئەو ڕێبازە تەنیا بە دەرکەوتنی مەولانا خالید بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش پەرەی سەندووە. خالید کوردێکی پارێزگای شارەزووری باشووری کوردستان بوو کە لە هیندوستانەوە ڕێبازی نەقشبەندییەکانی گرتبوو. دوای گەڕانەوەی بۆ عێراق

[3] Bruinessen 1978, 278f. sowie die darin angegebene Literatur.

لە دەوروبەری ساڵی ١٨٠٨، بەخێرایی شوێنکەوتوویەکی گەلێك زۆری پەیدا کرد، سەرەتا لە نێو کوردەکان و دواتریش لە نێو تورک و عەرەبەکاندا. تەنانەت هەندێک لە شێخەکانی قادریش لە ڕێگەی ئەوەوە داوای دەستپێشخەرییان کرد بۆ ناو ڕێبازی نەقشبەندیی. ئەو خۆی یاساکان و ڕێبازی نەقشبەندیی زیندوو کردەوە و لە ماوەی چەند دەیەیەکدا زۆربەی نەقشبەندییەکان لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا پەیوەندییان بەو و بە خەلیفەکانیەوە کرد کە جێگرەکانی دواتری بوون.[4] ژمارەی ئەو خەلیفانەی دایمەزراندوون بە شێوەیەکی نائاسایی گەلێك زۆرن. ئەم ژومارەیە لە ٦٧ کەس کەمتر نین کە ٣٣ کەسیان کورد بوون (حەکیم ١٩٨٣، ١٤٢). مەولانا خالید ئەو ڕێبازەی وەک تۆڕێکی چڕ لە سەرتاسەری کوردستان بڵاوکردەوە. کەسایەتییەکی کاریزماتیک و سروشتی وەك خالید بێگومان بۆ چاکسازییەکانی ناو ڕێبازەکە هەروەها بۆ پەرەسەندنی جەماوەریی ئەو سەردەمە گەلێك گرنگ بوو. بەڵام هۆکاری ئەوەی شێخەکانی نەقشبەندیی لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمەوە ڕۆڵێکی بەرچاویان لە سیاسەتدا گێڕا، دەبێ لە دەرەوەی بازنەی ئەوان بەدوایدا بگەڕێین.

[4] Hourani 1972; Algar 1976; Hakim 1983; Abu-Manneh 1984.

## چاکسازییەکانی دەوڵەتی عوسمانی و کاریگەرییەکانی لەسەر کۆمەڵگای کورد

شیکاری کردنی بزووتنەوە جۆراوجۆرەکانی ڕێفۆرم و چاکسازیی لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا لە دەرەوەی بازنەی ئەم وتارەدایە. بۆیە خۆم لە هەندێک لایەنی چاکسازییەکان سنووردار دەکەم بە تایبەتی ئەوانەی پەیوەندییان بە دۆخی پارێزگاکانی ڕۆژهەڵاتەوە هەبووە و شوێنێکی بەرچاویان لەسەر پێشهاتەکانی دواتری ناوچەکە داناوە. سەرەتا جەماوەری ناوچەکە کەم تا کورتێ ئاگادار بوون کە چاکسازییەکان لە ئەنجامی لاوازبوونی ئیمپراتۆریەتەکەوە سەرچاوەیان گرتووە و لەلایەن زلهێزەکانی ئورووپاوە بەسەریاندا سەپێنراوە. هەم بەرزبوونەوەی ناوەندگەرایی، کە سەربەخۆیی سەد ساڵەی پارێزگا کوردنشینەکانی هەڵوەشاندەوە، هەم ڕێکارەکانی پاراستنی کەمینە مەسیحییەکان وەک هەوڵێک لەلایەن مەسیحییەکانەوە بۆ لەناوبردنی نەزمی سیاسی و کۆمەڵایەتی تەقلیدیی ئیسلامی، سەیر دەکران. بەگشتی دەتوانین بڵێن بەرەنگاربوونەوەی چاکسازییەکان پێکهاتەیەکی ئایینی هەبوو.

ڕێکخستنی کارگێڕیی لە پارێزگا کوردنشینەکان لە کاتی تێکەڵبوونیان بە ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا، جیاوازتر بوو لە بەشەکانی دیکەی ئیمپراتۆریەتەکە. زۆربەی پارێزگاکان

لەلایەن قایمەقامەکانی ناوەندەوە ئیدارە نەدەکردران، بەڵکوو لەلایەن بنەماڵە دەسەڵاتدارە کوردەکانەوە بەڕێوەدەبران کە نازناوێکی عوسمانییان پێبەخشرابوو و لە ڕاستیدا هەر وەك پێشوو بەردەوام بە شێوەیەکی سەربەخۆ حوکمڕانیان دەکرد. ئیماراتی کوردی و دەوڵەتی بچووکی ناوچەیی، بەم شێوەیە بە ئیمپڕاتۆرییەکەوە چەسپێندران و هێزی هەندێک بنەماڵەی دەسەڵاتدار - کە بە شێوەیەك لە شێوەکان لەلایەن ناوەندەوە دانیان پێدانرا - بەسەر ئەوانیتردا سەپێندرا. تا چ ڕادەیەك ئەم میرنشینانە ئۆتۆنۆم بوون، گەلێك جۆراوجۆر بووە و زۆرجار پەیوەست بووە بە پەیوەندیی نێوان دەسەڵاتدارانی کورد و بەرپرسانی حکوومەتییەوە، کە میرەکان لە ڕوانگەی تیۆریەوە ژێردەستەیان بوون، هەروەها پەیوەندییەکانی دەسەڵاتی سوپایی و ئابووریش ڕۆڵێکی گرنگیان گێڕاوە. هەندێک لە میرنشینەکان پێشتر لە سەدەی ١٧ و ١٨دا خراونەتە ژێر کۆنترۆڵی هێزی ناوەندییەوە. بەڵام لەگەڵ کەمبوونەوەی کاریگەری حکومەتی ناوەندی لە ماوەی سەدەی هەژدەهەمدا، سەرکردەکانیتری خێڵە کوردەکان وەک هێزی سەربەخۆ سەریان هەڵدابوو، بە هەمان شێوەی دەرەبەگی "Derebeys" لە ئەنادۆڵ بەناوبانگ بوون. تەنیا لە سەردەمی سوڵتان مەحمودی دووەم "Mahmut II" کە دوای ڕێفۆڕم و چاکسازی (١٨٠٨-١٨٣٩)، ئەو ناوەندانەی باسیان لێوە دەکرێت خراونەتە ژێر کۆنترۆڵی ناوەندی و فەرمانڕەواکانی

پێشووی ئۆتۆنۆم بە شێوەیەکی فیزیکی لە ناوچەکانیان دوور خراونەوە.

ناوەندگەرایی کارگێڕیی خۆی یەکسەر نەبووە هۆی ئارامکردنەوەی ئەم پارێزگا میرنشینییانە؛ لە هەندێک حاڵەتدا پێچەوانەکەی ڕاست بوو. لە میرنشینەکاندا، میری دەسەڵاتدار گەلێك باش توانیان هاوسەنگی لە نێوان هۆزە جیاوازەکانی پارێزگاکاندا بپارێزن. لە ناکۆکی لەسەر دابەشکردنی زەوی و ئاژەڵ، دزی، یان ڕفاندنی ژنان، دەسەڵاتی ئەو میرانە بە گشتی وەک ناوبژیوان و دادوەر ناسێندرابوو. دەسەڵاتەکەیان خۆسەپێن و زۆرجار توند و تیژ بوو، بەڵام بە گشتی دادپەروەرانە و ئاستێکی دڵخۆشکەری ئاسایشیان بۆ دانیشتوان پاراستبوو. ئەو بەرپرسانەی بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ناوچەکان لە جیاتی میرەکان دەستنیشانکرابوون، بیانیی بوون و زۆرجاریش نەیانتوانیبوو ئارامی و ئاسایش بپارێزن: خێڵەکان زۆرجار دانیان بە دەسەڵاتی بەرپرساندا نەدەنا؛ چونکە زۆر جار نوێنەرانی حکومەت هاوکارییان لەگەڵ یەکێک لەو دوو لایەنە دەکرد کە لە ناکۆکیەکاندا بەشدار بوون. بە گشتی پێدەچێت ململانییە خێڵەکییەکان لە دوای هەڵوەشاندنەوەی ئیمارەتەکان لە ڕووی ژمارە و هەڵسوکەوتی توندوتیژانەوە بەرز بووبێتنەوە.

بۆیە هەر لە بەرامبەر ئەم پاشخانەدایە کە دەبێ گەشەی خێرای ڕێبازی نەقشبەندیی و ڕۆڵی سیاسیی شێخەکانی کە بە پێی کات زیاتر دەبۆوە، سەیر بکرێت. شێخەکان کە لەو پارێزگایانەدا نیشتەجێ بوون وا پێشتر میری کوردەکان حوکمڕانییان لەسەر دەکردن، هەندێک ئەرکیان وەک ناوبژیوان لە نێوان هۆز و عەشیرەتەکاندا گرتە ئەستۆ؛ هەندێک شێخیش بوون بە سەرکردە و شوێنی متمانەپێکردنی خەڵکیی. دیارە ئەمە دیاردەیەکی تەواو نوێ نەبوو: لە ڕابردووشدا شێخەکانی خاوەن کاریگەریی سیاسی بەسەر عەشیرەتەکاندا زاڵ بوون، و لە هەر شوێنێك میرێک بوایە، دەسەڵاتەکەی لە دەسەڵاتی شێخ تێنەدەپەڕی. نەمانی میرەکان یەکێک بوو لە هۆکارەکانی پەرەسەندنی کاریگەری شێخەکان لە ناوچەکاندا.

بەڵام هۆکارێکی دیکەش هەبوو کە گەلێك گرنگایەتی بوو: زیادبوونی کێشە و گرژییەکانی نێوان موسڵمان و مەسیحییەکان. کەمینەیەکی گەورەی مەسیحی لە نێو کوردەکاندا دەژیان کە ئێستا دەکەوێتە نێوان باکوری عێراق و ڕۆژهەڵاتی تورکیا: ئەرمەنی، نەستۆری و سریانی "یاقووبیەکان". پەیوەندییان لەگەڵ کورد بە گشتی نایەکسان بەڵام ئاشتیانە بوو. زۆرینەی ئەو مەسیحیانە لە جووتیار پێکهاتبوون، بەڵام پیشەسازی و کاسبکارانی مەسیحییش هەبوون. لە هەندێک ناوچەدا جووتیارانی مەسیحی بە شێوەیەکی کاریگەر خزمەتکاری ئەو خاوەن

زەوییە کوردانە بوون کە لەسەر زەویەکانیان کاریان دەکرد؛ لە شوێنیتریشدا لەناو عەشیرەتی زلهێزی کوردیدا بەتەواوی مافی یەکسانیان هەبوو. لە ناوچەی ئەرزروم گوندنشینانی ئەرمەنی خاوەنی زەویوزاری خۆیان بوون و لە زستاندا کۆچەری کورد دەچوونە ئەو گوندانەی ماڵی ئەرمەنییەکانی لێبوو و پەنایان پێدەدرا. ئەم پەیوەندییە هەم تایبەتمەندیی هاوژینی و هەم مشەخۆری لەخۆ گرتبوو. کۆچەری کورد زۆرجار موڵکی گوندنشینانی مەسیحی یان موسڵمانیان دەدزی. لەو شوێنەی ئەمیرێکی زلهێز و دادپەروەری کورد هەبوایە، ئەو چەشنە دزی و کارە نالەبارانە بێ سزا نەدەمایەوە و مافی قەرەبووکردنەوە بۆ مرۆڤی زیان پێگەیشتوو گونجاو دەکرا.

لایەنێکی زۆر گرنگ لە چاکسازییەکانی ناو حکوومەتی عوسمانیدا، پاراستن و مافی مرۆڤ بوو کە بە چاولێکەریی لە زلهێزەکانی ئەوروپا بەڕێوەدەچوو کە بۆ کەمینە مەسیحییەکان داواییان دەکرد. جگە لەوەش میسیۆنەرە ئەوروپی و ئەمریکییەکان ئازادی زیاتریان پێدەدرا بۆ کارکردن لە کۆمەڵگە مەسیحییەکان. هەم کورد و هەم مەسیحییەکان ئەم میسیۆنێرانەیان وەک پێشبینیکەری دەستێوەردانی زیاتر لە کاروباری سیاسی و ئەگەری دەستبەسەرداگرتنی سەربازی لەلایەن زلهێزە مەسیحییەکان بەناوی مەسیحییە ناوخۆییەکانەوە دەبینی - کە هەڕەشەیەکی ڕوون بوو بۆ سەر باڵادەستی موسڵمانان.

هەندێک ململانێ کاتێک سەریهەڵدا کە جووتیارانی مەسیحی بەهۆی پشتیوانی ئەوروپاوە هەستیان بە بەهێزبوونی خۆیان دەکرد و لە هەنبەر دانی کرێی زەوییە تەقلیدیەکان بە خاوەن کوردەکانیان کۆتاییان دەکرد. جگە لەوەش هەندێک لە میسیۆنێرەکان بێمتمانەیی کوردیان بە دروستکردنی جۆرێک لە قەڵاکە هەم وەک نەخۆشخانە و هەم وەک کڵێسا بەکار دەهێنرا پەرەپێدا. دروستکردنی بینایەکی فرەکار و ئەگەری بەرگریکردن لەم چەشنە، ڕەنگە لەلایەن دانیشتوانی کوردەوە وەک دیاردەیەکی گوماناوی یان هەڕەشەکەر هەستی پێکرابێت، چونکە واهەیە وەک هەوڵێک نەک هەر بۆ پێشکەشکردنی هاوکاری پزیشکی بەڵکوو بۆ سەپاندنی کاریگەریی کولتووری یان ئایینی - هەروەها پەرەپێدانی کێشە و ململانێی نێوان موسوڵمان و مەسیحی لێکدرابێتەوە. تەنانەت لەوانەیە وەک پەناگەیەک بۆ میسیۆنێرەکان سەیر کرابێت. هەروەها میسیۆنێرەکان لە ڕێگەی باڵوێزخانەکانیانەوە لە شاری ئەستەنبوڵ هەوڵیاندا - هەندێکجار سەرکەوتووانە - بەرامبەر بەو سەرکردە هۆزانەی کورد کە شەڕانگێزانە بەرامبەریان وەستاون، هەنگاو بنێن. بۆ کورد ڕێفۆڕم و چاکسازیی ئیداری و چالاکی میسیۆنێرەکان نوێنەرایەتی دوو دیوی یەک دراویان دەکرد، ئەویش ستراتێژییەکی ئەوروپی بوو بۆ ملکەچکردنی موسڵمانان.[5]

---

[5] Über die sich wandelnden Beziehungen zwischen Christen und Muslimen siehe Joseph 1961.

پەیوەندیی نێوان کورد و دراوسێ مەسیحییەکانیان وردە وردە لە دۆخێکی ئاشتییانەوە بەرەو دوژمنایەتی زیاتر پەرەی دەساند. سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی ئەرمەنی و دەنگۆی ئەرمەنستانی سەربەخۆ لە کۆتایی سەدەکەدا پەرەسەندنێکی لۆژیکی پێکهێنا و گرژیی زیاتری لەناو ئەو دوو نەتەوەیە دروست کرد. موسڵمانان پێشتر بە سەرهەڵدانی توندوتیژی دژی مەسیحییەکان لە ساڵانی بیستی سەدەی نۆزدەوە وەڵامی ئەم هەڵسوکەوتانەیان دابووەوە. هەروەها بەو پێیەی گرژی و ناکۆکی لە نێوان گروپەکانی ئایینی جیاوازدا سەریهەڵدابوو، پێدەچێت کارێکی سروشتی بێت کە کورد لە پشت سەرکردە ئاینییەکانی خۆیەوە کۆببێتەوە. هەندێک لە شێخەکان بە قووڵی لە دابەزین و شکستی ئیسلام نیگەران بوون، هەندێکی دیکەش بۆ بەدەستهێنانی کاریگەریی و دەسەڵاتی سیاسی خۆیان بە زیرەکی جیاوازییە ئایینییەکانیان قۆستەوە. هەندێکیتر پەیوەندیی دۆستانەیان لەگەڵ میسیۆنێرە مەسیحییەکان پاراست و مەسیحییە ناوخۆییەکانیان لە تورەیی خێڵە کوردەکان ئارام دەکردەوە.

گەلێك شێوازی میکانیکی دەبوو ئەگەر گرنگی پەرەسەندنی شێخەکان بە تەواوی بگەڕێنینەوە بۆ گرژیی ئەو مەسیحی و موسڵمانانەی بەهۆی کاری میسیۆنەرییەوە دروست ببوو، بەڵام ناتوانرێت پەیوەندیی نێوان ئەو دوو پێشهاتە ڕەت بکرێتەوە. تەنیا یەک یان دوو ئیستسناء(تاقانە) نەبێت، نزیکەی هەموو شێخەکان کاریگەریی ئایینی و سیاسیان بە

سەر ئەو ناوچانەدا هەبووە کە کەمینە گەورەکانی مەسیحی تێیدا دەژیان و میسیۆنێرەکان بە چڕی کاریان تێدا دەکرد.

وەک نموونەیەک لە کاردانەوەی سیاسیی کورد بەرامبەر بەم پێشهاتانە، دەمەوێ ڕاپەڕینی ئەمیری کورد بەدرخان بەگ بخەمەڕوو، چونکە دواتر بەشێک لە ئەندامانی بنەماڵەکەی لە قۆناغی سەرەتایی شۆڕشی شێخ سەعیددا ڕۆڵیان گێڕاوە. بەدرخان دوایین ئەمیری دەسەڵاتداری بۆتان بوو و یەکێک بوو لە بەهێزترین و گرنگترین ئەمیرانی میرنشینە کوردییەکان و پێتەختەکەی لە جەزیرە "Cizre"ی سەر ڕووباری دیجلە "Tigris" بوو. لە یەکێک لە هەڵمەتەکانی عوسمانی لە دژی دەسەڵاتدارە نزیکە سەربەخۆکانی کورددا، پێتەختەکەی لەلایەن سوپایەکی بەهێزەوە گەمارۆ درا و میر ناچار بوو لە ساڵی ١٨٣٨دا خۆی ڕادەستی حکوومەت بکات. هەرچەندە دەسەڵاتەکەی بە توندی کەمکرانەوە، بەڵام نەوەستێندرا.

ساڵی دواتر لەشکری ئیبراهیم پاشای میسری کە گەیشتبووە باکوری سوریا، گورزێکی توندیان لە سوپای عوسمانی دا. بەدرخان کەڵکی لەم پاشەکشەیەی هەوڵەکانی ناوەندگەرایی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بۆ وەرگرتنەوەی سەربەخۆیی پێشووی و داگیرکردنی خاکی زیاتر وەرگرت. لە ماوەی چەند ساڵێکدا تەواوی ناوچەی نێوان ماردین و

سنووری ئێرانی خستە ژێر کونترۆڵی خۆیەوە و زۆربەی سەرکردە عەشیرەتەکانی کوردی خستە ژێر فەرمان. ئەم ڕاپەڕینە هاوکات بوو لەگەڵ تێکچوونی خێرای پەیوەندییەکانی نێوان کوردانی موسڵمان و مەسیحییەکانی ناوچەکە. بەگوتەی نووسەری ئەرمەنی سەفراستیان "Safrastian" (١٩٤٨)، دوای گەمارۆدانی بەدرخان لەلایەن سوپای عوسمانییەوە لە ساڵی ١٨٣٨، لەشکرێکی مەزن لە کورد و ئەرمەنی و نەستۆریەکان لە هەکارییەوە بەڕێکەوتن بۆ ئەوەی میر بپارێزن، بەڵام ئەم هێزە یارمەتیدەرە لە کاتی خۆیدا نەگەیشتە شوێنەکە. وێدەچوو دڵسۆزییە ناوچەییەکان بەسەر جیاوازییە ئاینییەکاندا زاڵ بووبێ. بەڵام زۆر زوو ململانێ دەسەڵات ناکۆکیی نێوان بەدرخان و میسیۆنێرەکانی بەدوای خۆیدا هێنا. لە لایەکەوە بەدرخان بە هیچ شێوەیەك متمانەی بە پلانی میسیۆنێرەکان نەبوو، لەولاشەوە ئەوانیش بۆ دڵخۆشکردنی میر هیچ کارێکیان نەدەکرد. ساڵی ١٨٤٣ کاتێک نەستۆریەکان لە تیاری "Tiyari" بۆ یەکەمجار ئامادە نەبوون پارەی ساڵانەی خۆیان بە هاوپەیمانەکانی بەدرخان بدەن کە خاوەن زەوی هەکاری بوون، سەربازانی هۆزەکانیان ڕەوانەی ناوچەکە کرد و زۆرێک لە نەستۆریەکان لە سێدارە دران. دواتر کۆمەڵکوژییەکە لە پارێزگایەکیتریش دووپات بۆوە.

لایارد "Layard"، شوێنەوارناس و کونسوڵی بەناوبانگ - کە دۆستێکی باشی بەدرخان نەبووە - دان بەوەدا دەنێت کە

هەڵسوکەوتی وروژێنەری میسیۆنەرە ئەمریکییەکان هۆکارێک بووە بۆ ئەم کارەساتە، بەڵام بە ڕوونی تاوانی ئەم کارە دەخاتە ئەستۆی بەدرخان و بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ سەر شێخێکی کۆنەپەرستی دژە مەسیحی، کە کاریگەری زۆری لەسەر ناوچەکە هەبووە. ڕەنگە ئەمە شێخ سەید تەهای نەقشبەندیی بووبێت کە عوبەیدوڵلای کوڕی سەرکردایەتی ڕاپەڕینی ساڵی ١٨٨٠ی کردووە. سەبارەت بەم شێخە دەگوترێ هێندە سووکایەتی بە مەسیحییەکان کردووە کە هەمیشە لە ترسی مەسیحییەکان کە نەکا بیناسنەوە و سووکایەتی پێبکەن، لە کاتی ئەسپ سواریدا پەردەیەکی بەسەر خۆیدا داوە.[6] من خۆم پێموایە ئەو هێندە سووکایەتی بە مەسیحییەکانی نەکردبێت، بەڵکوو ترسی هەبووە مەترسی لەسەر ئایینەکەی بۆ دروست بێ. هەروەها بەڕاستی نەزمی نەریتی لە مەترسیدا بووە، وەک پێشهاتەکانی دواتر دەریانخست. کۆمەڵکوژییەکان لە کۆمەڵگەی ئەوروپادا ناڕەزایی لێکەوتەوە و ئینگلیز و فەرەنسییەکان حکومەتی عوسمانییان ناچارکرد سزای بەدرخان بدات. لەشکرێکی بەهێز ڕەوانەی جەزیرێ"Cizre" کرا و میریش لە ساڵی ١٨٤٧ ناچار بوو خۆی ڕادەست بکات. لەگەڵ هەموو هاوپەیمانەکانیدا بردیانە ئەستەنبوڵ و لەوێشەوە ڕەوانەی

---

[6] Layard 1849, Bd I, 178f., 228f.

تاراوگە کران. دوا هەوڵ بۆ زیندووکردنەوە و دامەزرانی شکۆمەندی ئیمارەتی کۆن، شکستی هێنا.[7]

[7] Vgl. auch Joseph 1961; Bruinessen 1978, 222ff. sowie die darin angeführten Quellen.

تەنانەت لە لوتکەی ئەم ڕاپەڕینانەشدا، بەدرخان بەگ لە ناساندنی سوڵتانی عوسمانی وەک سەروەر بەردەوام بووە، لایکەم بەو شێوەیە بە میوانانی ئەمریکی ڕاگەیاند. ئەم هەڵوێستە لە نێو زۆربەی کوردە خێڵەکییەکاندا تا کۆتایی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی باو بوو. سەرەڕای کێشە جیددیەکانیان لەگەڵ ئیدارەی پارێزگاکەدا، هەروەها سەرەڕای ئەو ڕاپەڕینانەی دژی حکومەت ئەنجامیاندابوو، بە دەگمەن، یاخود هەرگیز، گومان یان ناکۆکییان لەسەر شەرعیەتی سوڵتان نەبوو. خەلافەت بۆ کورد بایەخێکی زۆری هەبوو و ڕەنگە بەرزبوونەوەی دژایەتی نێوان موسڵمان و مەسیحییەکان تەنیا هەستی دڵسۆزیی خۆیانی بۆ سوڵتان - خەلیفە پێ زیاتر کردبێت.

بەڵام هەرگیز حکومەتیان لەگەڵ سوڵتاندا نەدەناساند و لێکیان جیا دەکردنەوە. شێخ عوبەیدیللا ویستی دەوڵەتێکی سەربەخۆ دابمەزرێنێت، چونکە گەندەڵی و خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات لە نێوان بەرپرسانی پارێزگاکاندا بە شێوەیەکی بەرفراوان وەک نارەزایەتییەک سەیر دەکرا. لە لایەکەوە داوای پشتگیری لە ڕووس و ئینگلیزەکان کرد، بەڵام هاوکاتیش سوڵتانی ئاگادار کردەوە کە لە داننان بە سەروەریی

خەلیفە بەردەوامە. هەڵوێستی دووفاقیی بەرامبەر بە سوڵتانیش جێگای تێگەیشتنە لەبەرئەوەی لەبری دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ لەسەر خاکی عوسمانی، ڕێگەی بە سەربازە خێڵەکییەکانی دا کوردستانی ئێران داگیر بکەن بۆ ئەوەی تێکەڵ بە دەوڵەتەکەی بکات. پێدەچێت سوڵتان بە بێدەنگی لەگەڵ عوبەیدیللا لەسەر ئەم بابەتە ڕێکەوتبێت، لەبەر خواستی هێشتنەوەی شێخی کاریگەر وەک هاوپەیمانێک لە دژی هەڕەشەی جوداخوازیی ئەرمەنەکان لە لایەک و لێکتێگەیشتنی نهێنی نێوان ڕووس و ئەرمەنییەکان سەبارەت بە باکووری ڕۆژهەڵاتی ئیمپراتۆریەتەکە بۆ ڕاگرتنی سنووری وڵاتەکەی لە لایەکیترەوە، کە گەلێك لە ڕوانگەی سەربازییەوە لاواز بوو. تەنیا دوای ئەوەی شێخ و شوێنکەوتووانی لەلایەن سەربازانی ئێرانەوە دەرکرانە ئەودیوی سنوور هەروەها گوشاری ئێرانییەکان لەسەر ئەستەموڵ، شێخ گیرا و ڕەوانەی تاراوگە کرا.[8]

هەمان سوڵتان، عەبدولحەمیدی دووەم (١٨٧٦-١٩٠٩)، دواتر بەدەربازبوون لە بیرۆکراسی عوسمانی پەیوەندیی نزیکتری لەگەڵ عەشیرەتە کوردەکان پەرەپێدا، واتە لەڕێگەی دامەزراندنی فەوجەکانی حەمیدییە، یەکەیەکی سوپایی نارێک کە لە عەشیرەتە کوردەکان و بەتایبەت

---

[8] Halfin 1976, 95ff.; Jwaideh: 1960, 212ff.

سەرۆک عەشیرەتەکانیان پێکهاتبوون. ئەم پێشهاتە پێچەوانەی ڕەوتی چاکسازییەکانی پێشوو بوو و نە ئەوروپییەکان و نە ئەو لایەنگرە بیرۆکراتانەی وەسوەسەی چاکسازییان هەبوو و وەک دیسپۆتێکی کۆنەپەرستانە سەیری سوڵتانیان دەکرد، هیچکامیانی دڵخۆش نەکرد. ئەم ستراتێژییە زۆر و کەم، بە زۆرەملی بەسەر سوڵتاندا سەپا: ئەمە نوێنەرایەتی هەوڵێک بوو بۆ بەردەوامبوونی ناوەندگەرایی بە ڕێگایەکیتردا. بیرۆکراسی لە پارێزگاکەدا ناکار بوو، بەرپرسانیش لەبەر گەندەڵی یان بە هۆی ئامادەیی چاکسازییەوە، لەلای کورد پەسەند نەدەکران. چاکسازیخواز و بەرپرسانی سەربازی نەیانتوانیبوو بەشێکی پێویست لە گەنجانی کورد بۆ ناو سوپا ڕاکێشن. هەڕەشەی ڕووسیاش بەردەوام لە ئارادا بوو؛ لە شەڕی ساڵی ١٨٧٧دا سەربازانی ڕووسیا هێرشیان کردە سەر ڕۆژهەڵاتی تورکیا و لە ئەنجامی کۆنگرەی بەرلین، ئیمپراتۆریەتەکە ناچار بوو پارێزگاکانی باتوم "Batum" و قارس "Kars" بداتە دەست ڕووسەکان.

لە دەیەکانی دواتردا، ناسیۆنالیزمی ئەرمەنی لە ژێر کاریگەریی پڕوپاگەندەکارانی ئەرمەنی بەشی ڕووسیا لە ڕۆژهەڵات دەستی بە بڵاوبوونەوە کرد. هەم ڕووس و هەم ئینگلیزەکان بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئەرمەنستان گوشاریان خستە سەر حکومەتی ئەستەنبوڵ. سوڵتان بەرزبوونەوەی ناسیۆنالیزمی ژێردەستە مەسیحییەکانی لە بەڵکان و ڕۆژهەڵات وەک فێڵێکی ئیمپریالیستی بۆ زیاتر

پارچەپارچەکردنی ئیمپراتۆریەتەکەی هەست پێدەکرد. بەهێزترین هاوپەیمانی سروشتی ئەو، کوردەکان بوون، کە هاوبەشی نیگەرانییەکانی سەبارەت بە نیازی مەسیحییەکانیش بوون.

یەکەم فەوجەکانی حەمیدییە لە ساڵی ١٨٩٠ یان ١٨٩١ ڕێکخران. مەبەستیان ئەوە بوو وەک هێزی نارێکخراو لە کاتی پێویستدا کۆبکرێنەوە و کەڵکیان لێوەربگیرێ. ڕاهێنان و مەشقی سەربازی لەو وەرزانەدا ئەنجام دەدرا کە کاری زەویوزار تەواو ببوو. قەبارەی فەوجەکان لە نێوان ٥٠٠ بۆ زیاتر لە هەزار گەنج و پیاو بوون کە هەریەکەیان لە هۆزێکەوە وەرگیرابوون. هەندێک هۆزی گەورە زیاتر لە فەوجێکیان پێکدەهێنا. لە بەرامبەر خزمەتە سەربازییەکانیاندا، ئەم خێڵانە لە باجی جۆراوجۆر بەخشرابوون. ساڵی ١٨٩٥، ٥٦ فەوجی لەو چەشنە هەبوون، کە زۆربەیان ڕاستەوخۆ لەژێر فەرمانی فەرماندەی فەیلەقی چوارەمی سوپای ئەرزنجان "Erzincan" زەکی پاشا "Zeki Pascha"دا بوون، (تەنیا پێنج فەوج کەوتنە ژێر فەرماندەیی لە سوریا). هەر فەوجێک لەلایەن سەرۆکی هۆزەکەی خۆیەوە فەرماندەیی دەکرا، کە تەنیا لە بەرامبەر زەکی پاشادا لێپرسینەوەی لەگەڵدا دەکرا. ئیدارەی پارێزگا و دەسەڵاتی دادوەری هیچ دەسەڵاتێکیان بەسەریاندا نەبوو.

دامەزراندنی ئەم سوارچاکانە بە شێوەیەکی یەکلاکەرەوە هاوسەنگی هێزی نێوان گروپە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکانی ڕۆژهەڵاتی گۆڕی: هەم لە نێوان کورد و ئەرمەنەکاندا، وەک مەبەستیش هەر ئەوە بوو، هەم لە نێوان کورد و بیرۆکراسی پارێزگا، هەروەها لە نێو دۆخی خودی کوردەکانیشدا. ئەو سەرکردە عەشیرەتانەی لەگەڵ عەشیرەتەکانیان بۆ پێکهێنانی فەوجەکانی حەمیدییە هەڵبژێردرابوون، بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات لەسەر حیسابی دراوسێ کەمدەرامەتەکانیان دڵنیا دەکرانەوە. نەک هەر چەک و ڕاهێنانی سەربازی باشتریان پێدەدرا، بەڵکوو دەیانتوانی بە بێ سزا و لێپرسینەوە هێرش بکەنە سەر دراوسێکانیان. دوای ئەوەی فەوجەکانی یەکەم پێکهێنران، زۆرێک لە سەرکردەی هۆزەکان داوای ئەوەیان کرد کە بە هەمان شێوە بخرێنە ناو ئەم بازنەیەوە.

لێرەدا ئەرمەنییەکان بە ئاشکرایی قوربانی بوون. کونسولەکانی بەریتانیا لە ئەرزرۆم و دیاربەکر زۆرجار گلەیی ئەرمەنەکانیان سەبارەت بە خراپ بەکارهێنانی هێز و پەلاماری فەوجەکان بۆ سەر مرۆڤی ئەرمەنی بڵاودەکردەوە. کاتێک دانیشتوانی ئەرمەنی ساسون "Sasun" ساڵی ١٨٩٤ ڕاپەڕین، سوڵتان فەوجەکانی حەمیدیەی نارد بۆ سەرکوتکردنی ڕاپەڕینەکەیان. دیارە ئەنجامەکەی کۆمەڵکوژییەکی خوێناوی لێکەوتەوە. هەروەها لە شوێنەکانی دیکەشدا ڕووداو و کارەساتی هاوشێوەی بەدوای خۆیدا هێنا. بەڵام ئەرمەنەکان وەک ئەوەی زۆرجار لە

بڵاوکراوە ڕۆژئاواییەکاندا وێنا دەکرێن، تەنیا قوربانیی پاسیڤ و بێتاوانی فەناتیزمی کورد یان موسڵمان نەبوون. حیزبە شۆڕشگێڕەکانی ئەرمەنی هونچاک "Hunchak" و بەتایبەتی داشناکسوتیون "Dashnaksutiun" کە لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا دامەزراون، لە ڕۆژهەڵات زیاتر چالاک بوون و لەوێدا چەندین کۆمیتەی شۆڕشگێڕیی ناوخۆییان پێکهاتبوون. لە ئەنجامدا پەیوەندییەکانی نێوان کورد و ئەرمەنەکان لە ڕادەبەدەر بەرەو گرژی ڕۆیی. کوردەکان ئەم ئۆپەراسیۆنانەیان وەک ئامادەکارییەکانی ناسیۆنالیزمی ئەرمەنی بۆ ڕووخاندنی نەزمی ناوچەکە و دامەزراندنی باڵادەستی مەسیحییەکان سەیر دەکرد.

بەڵام فەوجەکانی حەمیدیە تەنیا هاوسەنگی هێزیان لە نێوان موسڵمانان و مەسیحییەکان نەگۆڕی. بەڵکوو بە پێی ڕاپۆرتە کونسوڵگەرییەکان باس لە زیادبوونی ململانێکانی نێوان عەشیرەتە کوردەکانیش کراوە. فەرماندەکانی حەمیدیە لەلایەن زەکی پاشا و خودی سوڵتانەوە دڵنیا و ئەمین دەکران. لە ئەگەری پێشێلکاریی گەورەدا، تاوانەکان نەدەخرانە بەردەم دادگای مەدەنی، بەڵکوو تەنیا لەبەردەم دادگای سەربازیدا محاکمە دەکران، و زۆر زوو و بە ساکاریی تۆمەتەکانیان هەڵدەوەشێندراوە. بێگومان سەرکردەکانیتری عەشیرەتەکان هەموو هەوڵێکیان دەدا بۆ بەرگریکردن لە هەڵوێستی خۆیان بەرامبەر بە سەرکردە عەشیرەتەکانی ناو فەوجەکان کە زۆرجار شەڕ و ناکۆکیی لێدەکەوتەوە.

لایەنێک کە سەرەتا گرنگییەکی کەمی پێدرا بەڵام دواتر لێکەوتەی سیاسی بەهێزی هەبوو، دامەزراندنی هەموو فەوجەکانی حەمیدییە بوو لە هۆزە تایبەتەکانی بەرەی سوننە. ئەم هەلومەرجە پێگەی کوردانی عەلەوی بە گشتی لاواز کرد و پێدەچێت هۆکاری دوژمنایەتی نێوان عەلەوی و سوننەی لێکەوتبێتەوە. ئەم خاڵە بە تایبەتی لەلایەن فیرات "Fırat" (١٩٤٥)ەوە جەختی لەسەر کراوەتەوە، کە خۆی سەر بە یەکێک لەو هۆزە بچووکانەی عەلەوی واتە هۆرمێک"Hormek" بووە، و بە شێوەی دوژمنانە لە پەنا سیبرانی "Cibran" سوننەدا دەژیان. ئەوەی دووەمیان فەوجێکی حەمیدییەیان پێکهێنا بەڵام دواتر بەشدارییەکی کارایان لە ڕاپەڕینی شێخ سەعیدیشدا کرد. عەشیرەتە بچووکەکانی عەلەوی کە هەستیان بە چەوساندنەوە لە لایەن فەوجەکانەوە دەکرد، زیاتر مەیلیان بۆ پەسەندکردنی شۆڕشی تورکە گەنجەکان لە دژی عەبدولحەمید هەبوو و پشتگیرییان لە عیلمانیکردنی دواتری وڵات دەکرد. هیچ کامیشیان نەچوونە پاڵ ڕاپەڕینەکەی شێخ سەعید؛ تەنانەت هەندێکیان بۆ بەرگریکردن لە کۆمار، وەک خۆیان ئیدیعایان دەکرد، دژی ئەو شەڕە وەستان.

هاوکات لەگەڵ پێکهێنانی فەوجەکانی حەمیدییە، منداڵی بنەماڵە پێشەنگەکانی ئەو هۆزانەی کە پەیوەندییان پێوە هەبوو، بۆ خوێندن لە ئەکادیمیای سەربازی بانگهێشت کرانە ئەستەنبوڵ. ئەوان دەبوو دواتر فەرماندەیی یەکەکانی

خێڵەکی بگرنە ئەستۆ. بەم شێوەیە هیوای ئەوە دەخوازرا کە ئەم فەوجانە بەبێ ئەوەی زۆر دەستێوەردان لە کاروباری خێڵەکیدا بکرێت و دڵسۆزیی درێژخایەنیان بۆ سوپای هەمیشەیی بۆ مسۆگەر بکرێت، مۆدێرنیش بکرێن. وەک کاریگەرییەکی لاوەکی ئەم ڕێوشوێنە چینێک لە پیاوی خوێندەوار کە لە ژینگەی خێڵەکییەوە سەریان هەڵدابوو پەروەردە کرا کە دەبوو لە داهاتوودا ناسیۆنالیزمی کوردیی پێگەی خۆی تێدا بدۆزێتەوە. زۆربەی پلاندانەرە ڕەسەنەکانی ڕاپەڕینی شێخ سەعید سەر بەم چینە بوون.

دوای شۆڕشی گەنجانی تورک، فەوجەکانی حەمیدییە ڕێکخرانەوە. ناونانی ئەوان کە زۆر ڕاستەوخۆ پەیوەست بوو بە عەبدولحەمیدەوە، گۆڕدرا بۆ (عەشیرەتی ئالایلاری "alayları") و تا ڕادەیەکی دیاریکراو لە پلەبەندی سەربازیی سوپای عوسمانیدا جێگیرکران. پاشان دەبوو فەوجە خێڵەکییەکان بەشدارییەکی چالاکانە لە شەڕی جیهانی یەکەم و شەڕی سەربەخۆییدا بکەن.[9]

[9] Zu den Hamidiye siehe auch: Duguid 1973; Kodaman 1979.

تێکدانی پەیوەندییەکانی نێوان موسڵمان و مەسیحییەکان لە باکووری کوردستان - وەک باسکرا - بە پلەی یەکەم دەبێ وەک کاریگەریی بەرزبوونەوەی دەستێوەردانی وڵاتانی ئورووپی لە کاروباری ناوچەکەدا لێی تێبگەین. ئەمەش بووە هۆی پەرەسەندنی هۆشیاری ئیسلامی بۆ هەموو دانیشتوانی کورد، کە لانیکەم هەندێک شێخی ناودار کاریگەریی سیاسی خۆیانیان تێدا ئەزموون کرد. تەواوی سەدەی نۆزدەهەم سەردەمی نادڵنیایی سیاسی و ئابووری بوو و ڕەنگە ئەمە هەڵوێستی ئایینی دانیشتووانی بەهێزتر کردبێت و ڕۆڵێکی گرنگی بە شێخەکان بەخشیبێت کە وەک ناوبژیوان لە هەموو چەشنە ململانێیەکدا بەشدار بن.

بە گشتی بیرۆکراسی پارێزگاکان ناپەسەند بوو: لە هەندێک حاڵەتدا لەبەر ئەوەی گەندەڵی زاڵ بوو، لە هەندێک حاڵەتیشدا لەبەر ئەوەی وەسوەسەی چاکسازی هەبوو و هەوڵی تێکدانی نەزمی تەقلیدی دەدرا. سەرەڕای ئەوەش، سوڵتان لانیکەم هێشتا چێژی لە دڵسۆزیی خەڵک دەبینی: وەک خەلیفە، هێمای یەکگرتوویی موسڵمانان بوو. لە سەرووی هەمووشیانەوە، سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم کە خۆی پەیوەندیی بە ئیسلامی کۆنەپەرستی فەرمانە

سۆفیەکانەوە کردبوو و لە ساڵانی دواتریدا چالاکانە پڕوپاگەندەی پان ئیسلامیزمی دەکرد، هاوسۆزیی زۆر کەسی لە پشت بوو کاتێك دەیانبینی ئیسلام هەڕەشەی لەسەرە. هەروەها لە ڕێگەی فەوجەکانی حەمیدییەوە پەیوەندییەکی باوکایەتی لەگەڵ گرنگترین هۆزە کوردەکان دامەزراند؛ زۆرجار بە "باوکی کورد" ناوی لێدەبرا. دوای شۆڕشی تورکە گەنجەکان، یەکێک لە گەورەترین هۆزەکان، "میللی"، بۆ پشتیوانی لە سوڵتان ڕاپەڕین و دژی دەسەڵاتی نوێ وەستان و ڕەتیان کردەوە (Bruinessen ١٩٧٨،٢٣٧ f.). ئەمە ڕاپەڕینێک بوو لە زۆر ڕووەوە هاوشێوەی ڕاپەڕینەکەی شێخ سەعید، باوەکوو نە ڕەنگی ئایینی و نە ناسیونالیستیی هەبوو.

هەرچەند ڕەنگە ئەو پێشکەشکردنە هاوشێوەی تێڕوانینێکی گشتی کاریگەرییەکی دیکەی بووبێ، بەڵام کوردستان گەلێك دوور بوو لە ناوچەیەکی یەکپارچە و یەکگرتوو و بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ ئەو نەخشانەی لێرەدا باسکراون، گەلێك ئیستسنای ناوخۆیی هەبوون. بەم شێوەیە دەبینرێت شێخەکان و سەرکردەی خێڵەکان بە گشتی دژە ڕیفۆرمخوازی بوون و دوژمنایەتی ڕووسیا و بریتانیایان دەکرد، بەڵام هەندێکیان بە هۆکاری هەلپەرستانەوە، مەیلیان بۆ پاراستنی پەیوەندییەکی باش لەگەڵ نوێنەرانی ئەو زلهێزانە هەبوو. پێشتر باسمان لە هەڵوێستی دووفاقی شێخ عوبەیدیللا کرد: وەک سەرکردەیەکی موسڵمان دڵسۆزیی خۆی بۆ سوڵتان -

خەلیفە ڕاگەیاند، بەڵام لە هەمان کاتدا بانگی ڕووس و ئینگلیزەکانی دەکرد بۆ پشتیوانیکردن لە دەوڵەتە سەربەخۆکەی.

سەرەڕای ڕاپەڕینی شێخ عوبەیدیللا، هیچ بەڵگەیەک نییە کە هەستی ناسیۆنالیزم بتوانێ کورد لە دەوری یەکتر کۆبکاتەوە. ئەوان وەک موسڵمان نەک کورد وەڵامی ناسیۆنالیزمی ئەرمەنییان دایەوە و بە درێژایی شەڕی جیهانی یەکەم و شەڕی سەربەخۆیی هەر بەو شێوەیە مانەوە. شێخ عوبەیدیللا وەک سەرکردەیەکی ئایینی کە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر عەشیرەتە ناوخۆییەکان هەبوو پەیڕەویی لێدەکرا، نەک وەک سەرکردەیەکی نەتەوەیی. تەنیا ماوەیەکی زۆر دواتر بوو بە هێمای خواستە نەتەوەییەکانی کورد. لە کەشوهەوای لیبڕاڵی دوای شۆڕشی تورکە گەنجەکان، ڕۆشنبیرانی کورد- زۆربەیان بە ڕەچەڵەک ئەرستۆکراتی بوون- یەکەم ڕێکخراوی کوردییان لە ئەستەموڵ دامەزراند.

هەم مێژوونووسانی کەمالیستی و هەم ناسیۆنالیستە کوردەکانی دواتر، ڕێکخراوەکانیان (لە خوارەوە بە وردی باس دەکرێن) وەک جوداخواز وێنا دەکرد، بەڵام ئەمە ئەناکرۆنیزم "anachronism"ێك [بشێوی و ناڕاستی لە تۆمارکردنی ڕووداوەکانی مێژوودا] زیاتر نییە. ئەوان لە بنەڕەتدا ڕێکخراوی خێرخوازیی بوون کە پەروەردە و هاوکاریی دوو لایەنەی کوردیان لە پێتەخت وەک ئامانجی خۆیان

دەبینی. تەنیا دوای شەڕی جیهانی یەکەم بوو کە داواکاریی ئۆتۆنۆمی و سەربەخۆییان دارِشت. تا ئەم خاڵە کاتییە کورد زیاتر خۆی بە پەیوەندییەکانی نێوان ئەرمەنی و مەسیحییەکانی دیکەوە خەریك کردبوو، نەک تورک. لە سەردەمی شەڕی جیهانی یەکەمدا، ئەو گرژییانەی کە پێشتر باس کران، لە کۆمەڵکوژی توندوتیژانە دژی ئەرمەنییەکان سەریان هەڵدا، کە نەک هەر سوپای تورکیا بەڵکوو کوردێکی زۆریش بەشدارییان تێدا کرد – لە لایەکیتریشەوە سەرکردەی عەشیرەتی کوردیش هەبوون کە ئەرمەنییەکانیان لەو کارەساتە پاراست. لە رۆژهەڵات شەڕی رزگاریی بە پلەی یەکەم بە مانای شەڕێک بوو دژی ئەرمەنییەکان، کە دەیانویست دەوڵەتێکی سەربەخۆ دابمەزرێنن. دیارە سروشتییە زۆرێک لە کوردەکان بەشداری ئەم شەڕەیان کرد، چونکە شەڕەکە هەڕەشەی لەو خاکە دەکرد کە کورد بەماڵی خۆی دەزانی.

لەو چوارچێوەیەدا، تەنیا دەتوانرێت فراوانترین هێڵکارییەکانی ئەو پێشهاتە نێودەوڵەتییانەی کاریگەرییان لەسەر پارێزگاکانی ڕۆژهەڵاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی هەبووە، دەستنیشان بکرێن. ڕایش واتە بەرەی پێکهاتوو لە وڵاتانی "ئەڵمانی – نەمسا" هاتە ناو شەڕەکەوە و شەڕی لە دژی ڕووسیا و بەریتانیا ڕاگەیاند کە لەمێژ بوو بۆ کاریگەریی و کۆنترۆڵی ڕۆژهەڵات کێبڕکێیان لە هەنبەر یەکتر دەکرد. سوڵتان بە فەرمی ئەم شەڕەی بە جیهاد ناساند و زۆربەی کوردەکانیش چوونە ژێر ئاڵای ئیسلامییەوە. ئەفسەرێکی گەنجی کورد کە لە دەرەوەی وڵات ژیاوە و لەوێ بووە بە ناسیۆنالیست لە بیرەوەرییەکانیدا ئاماژەی بەوە کردووە کە هیچ کام لە کوردەکانی بەرەی ڕۆژهەڵات گوێیان لە قسەکانی سەبارەت بە سەربەخۆیی کورد نەگرتووە؛ تەنیا بیریان لە ئیسلام و دڵسۆزی بۆ خەلیفە کردۆتەوە(Silopi 1969, 38f.).

ساڵی ١٩١٥ حکومەتی تورکە گەنجەکان دیپۆرتکردنەوەی هەموو ئەرمەنییەکانی پارێزگاکانی ڕۆژهەڵاتی بۆ سوریا دەرکرد بۆ ئەوەی لە سنووری ڕووسیایان دوورخاتەوە. ئەم فەرمانە یەکێک لە دراماتیکترین ئەڵقەی مێژووی ئەم ناوچەیەی وەڕێخست. زۆرێک لە ئەرمەنییەکان لەلایەن سەربازانی

تورکیا یان لەلایەن دانیشتوانی ناوچەی کوردانەوە کۆمەڵکوژ کران، ژمارەیەکی زۆریتریش بەهۆی برسییەتی یان نەخۆشی لەڕێگەی سوریا یان لە سوریا گیانیان لەدەستدا. ماوەی حەفتا ساڵ مێژوونووسینی پڕوپاگەندەیی لەلایەن خودی ئەرمەنییەکان، دۆستەکانیان یان لەلایەن تورکەکانەوە بۆ تەمومژاویکردنی ڕووداوە ڕاستەقینەکان هەوڵیان دا.[10] [بۆ تێڕوانینێکی گشتی و هەڵسەنگاندنی داواکارییە کێبڕکێکارەکان، سەیری (Dyer 1976)بکەن؛ زانستیترین بابەت لە ڕوانگەی ئەرمەنییەکانەوە لەلایەن هۆڤانیسیان "Hovanissian" ساڵی ١٩٦٩ ئامادە کراوە؛ (Shaw & Shaw 1977) [وەشانێکی مامناوەندی بۆچوونی تورکەکانە بە ئاماژەدان بە زانیاریی سەرژمێری ئەرمەنییەکان بۆ لاوازکردنی ئیدیعاکەیان]

هیچ بەڵگەیەکی قەناعەت پێکەر نییە کە حکومەت لە ڕاستیدا پلانی کۆمەڵکوژییەکانی دانابێت، بەڵام ڕوونە کە زۆرێک لە ئەرمەنییەکان بە دەستی سەربازانی تورکیا کوژراون. کۆی گشتی ئەو ئەرمەنیانەی لە سێدارە دراون دەبێ چەند سەد هەزار کەس بووبێت. مەحاڵە بزانین ڕۆڵی کورد لەم کارەدا چەندە بەرچاو بووە. لە زۆر شوێن موڵکی

[10] Zur Übersicht und Auswertung der konkurrierenden Behauptungen vgl. Dyer 1976; die wissenschaftlichste Darstellung vom armenischen Standpunkt aus gibt Hovanissian 1969; Shaw & Shaw 1977 geben eine gemässigte Version der türkischen Sicht, wobei sie Volkszählungsdaten zur Schwächung der armenischen Behauptungen anführen.

ئەرمەنیەکان تاڵان کران و لە سێدارە دران، لە زۆر شوێنیتریش لە لایەن دراوسێ کوردەکانیانەوە پارێزراو بوون.



کۆمەڵکوژیی ئەرمەنییەکان



وێنەی منداڵانی ئەرمەنی

پێش ئەوەی هەموو ئەرمەنییەکان دیپۆرت بکرێن، سەربازانی ڕووسیا هێرشیان کردە سەر ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ، ئەمەش وایکرد بەشێکی زۆر لە کوردەکان بەرەو ڕۆژئاوا یان باشوور هەڵبێن. ژمارەی ئاوارەکانی خێزانە کوردەکان گەلێك زۆر بوو، ئەو پەککەوتنە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەی بەهۆی ئەم چۆڵکردنەوە هاتبووە ئاراوە، بۆ ساڵانی داهاتوو لە ناوچەکەدا بە ڕاشکاویی هەستی پێدەکرا. هاوکاتیش سوپای هیندوستانی بەریتانیا لە باشووری عێراقەوە بەرەو باکوور و کێڵگە نەوتییەکانی کەرکوک پێشڕەویان دەکرد. دوای شۆڕشی ڕووسیا، سەربازانی ڕووسیا پاشەکشەیان کرد و کۆنترۆڵی باکوری ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵیان بەو ئەرمەنیانە سپارد کە لەوێ مابوونەوە. ساڵی ١٩١٨ سەربازانی عوسمانی بە پاڵپشتی میلیشیا کوردییەکان جارێکی دیکە ناوچەکەیان داگیرکردەوە، بەڵام نەیانتوانی پێشڕەوی ئینگلیزەکان بوەستێنن. کاتێک لە ١٩ی ئوکتۆبری ١٩١٨ ئاگربەست واژۆ کرا، پارێزگا عەرەبییەکانی ئیمپراتۆریەتەکە کەوتبووە دەستی هاوپەیمانەکان: ئینگلیزەکان باشووری کوردستانیان کۆنترۆڵ کرد؛ هەروەها پێدەچوو سەرکەوتووەکان بڕیاریان دابێت پاشماوەی پارێزگاکانی ڕۆژهەڵاتی لە تورکیا جیابکەنەوە و بەسەر نەتەوەی ئەرمەنی، یۆنانی (لە کەنارەکانی دەریای ڕەش) دابەشیان بکەن و لەوانەیە دەوڵەتێکی کوردیش پێکبێنن. بە تایبەتی پلانی گۆڕین و لکاندنی بەناو "شەش پارێزگا" (ویلایەت-ی نەریتی: ئەرزروم، وان، بیتلیس

دیاربەکر، ئەڵازیق و سیواس) بە دەوڵەتی ئەرمەنییەوە، کاردانەوەی توندی کوردەکانی لێکەوتەوە. تەنانەت پێش دیپۆرتکردنیشیان، ئەرمەنییەکان کەمتر لە بیست لەسەدی دانیشتوانی ئەم پارێزگایانەیان پێکهێنابوو؛ لە هەموو پارێزگاکان جگە لە ئەرزروم و سیواس کە بەشێکیان تورک بوون، کورد زۆرینەی مرۆڤی ئەو ناوچەیەی پێکهێنابوو. بۆیە زۆرێک لە سەرکردە عەشیرەتەکانی کورد بە خێرایی بەشداریی شەڕی ڕاگرتنی ئەو پارێزگایانەیان کرد.

بەشێک لە کوردە دەسەڵاتدارەکان لە ساڵی ١٩١٩ لە ئەرزرۆم و سیواس بانگهێشتی کۆنگرەیەک کران کە بۆ یەکەمجار بزووتنەوەی کەمالیستی تێدا ڕێکخرا. بەڵام کەمالییەکان بۆ دڵسۆزیی کورد کێبڕکێیان لەگەڵ ئینگلیزەکان دەکرد: دووەمیان واتە ئینگلیزییەکان بە بەڵێنی سەربەخۆیی لە ژێر پاراستن [ماندەیت]ی وڵاتی ئینگلیزدا دەیانویست شەڕ بۆ سەرکردە عەشیرەتەکانی کورد سەربخەن. ئینگلیزەکان بەدوای پەیوەندیی لەگەڵ سەرکردەی هۆزەکان لە باکووری کوردستاندا دەگەڕان؛ کەمالییەکان لە بەرامبەردا لەگەڵ کوردەکانی عێراقی ژێر دەسەڵاتی بەریتانیا لە پەیوەندیدا بوون و بەردەوام بەڵێنیان بەوان دەدا. هەردوو لایەن بە تایبەتی لە پارێزگای موسڵی دەوڵەمەند بە نەوت پڕوپاگەندەیان دەکرد کە کەرکووکیشی لەخۆگرتبوو، هەرچەندە پێگەی ئەو پارێزگایە تا ساڵی ١٩٢٦ یەکلایی نەکرابۆوە.

ئەو کوردانەی هاتبوونە ئەرزرۆم و سیواس، هەروەها ئەوانەی دواتر لە مەجلیسی نیشتمانیدا خزمەتیان کرد، هەموویان لە بەشگەلێکەوە هاتبوون کە سەر بە تورکییەی هاوچەرخ بوو؛ هیچ نوێنەرێک لە موسڵەوە نەبوو، هەرچەندە هاوپەیمانیی نیشتمانی بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئەو پارێزگایەی بە هی خۆی دەزانی و بە پێویستی دەزانی وەک بەشێک لە تورکیای نوێ بەرگرییان لێبکرێت. لە پارێزگا کوردنشینەکانی باکوور، ئاژاوەگێڕیی ئینگلیز کە لەلایەن ناسیۆنالیستە کوردەکانەوە ئەنجامدرا، کاریگەرییەکی کەم و درێژخایەنی نەبوو. لە کۆنفرانسی ئاشتی لە پاریس، کاتێک کوردێک [شەریف پاشا] پێداگریی لەسەر داوای کوردستانی سەربەخۆ دەکرد، بەشداربووانی کۆنفرانسەکە تەلەگرامیان لە زۆرێک لە سەرکردە عەشایرە کاریگەرەکانی کوردەوە پێگەیشت کە مەیل و دڵسۆزیی خۆیان بۆ تورکیای نوێ دەربڕیبوو.[11]

[11] Golo_lu (1968-1974, Bd. III, 85ff.) zitiert solche Telegramme, die von kurdischen Notabeln aus Erzincan, Diyarbakır, Siverek, Mardin, Adıyaman, Silvan, Hakkari, Van und Hasankale unterzeichnet wurden. Die Namen der kurdischen Delegierten zu den Kongressen in Erzurum und Sivas sind angeführt in Selek 1982, Bd. I, 432ff., 443f., 628ff.; Golo_lu 1968-1974, Bd. III, 321 ff.

یەکەمین ڕێکخراوی کوردی بە ناوی "Kürt Teavün ve Terakki Cemiyeti" (جەمعییەتی تەعاون و تەرەقی کورد)، لە ساڵی ١٩٠٨، ڕاست لە دوای شۆڕشی تورکە گەنجەکان لە ئەستەموڵ دامەزرا. لە نێو ئەندامانی دامەزرێنەردا سەید عەبدولقادر کوڕی شێخ عوبەیدیللا و ئەمین عەلی بەدرخان نەوەی سەرۆکی خێڵی گەورەی بەدرخان دەبینینەوە. سەعید نۆرسی، یان سەعید کوردی وەک ئەوکات نازناوی بووە، کە پێشتر ناوبانگی وەک بیرمەندێکی موسڵمان بڵاوببۆوە، بەهەمان شێوە پەیوەندیی بەم کۆمەڵگایەوە کرد و بابەتی ئاییني بۆ گۆڤارەکەیان دەنووسی (گورسێل "Gürsel" ١٩٧٧، ١٨٨). سەعید کوردی هاوکات لەگەڵ قوتابخانەیەکی کوردی کە ئەندامانیتری کۆمەڵگاکە لە ئەستەموڵ دایانمەزراندبوو، پەیوەندییەکی نزیکی هەبوو.

ڕێکخراوەکە قاوی جوداخوازیی نەدەکرد، بەڵکوو زیاتر مەبەستیان پێشخستنی کولتووری کوردیی بوو لەناو کۆمەڵگەی عوسمانیدا، بەڵام سەرەڕای ئەوەش ساڵی ١٩١٢ قەدەغە کرا. ئەندامەکانی لە پەیوەندیی بەردەوام لەگەڵ یەکتردا مانەوە و جاروبار بابەتیان لە گۆڤارە جۆراوجۆرەکاندا بڵاودەکردەوە. هەروەها بازنەی ئەو

ئەندامانە لە لایەن بیرمەند و ڕۆژنامەنووسی گرنگ عەبدوڵلا جەودەت"Abdullah Cevdet "ەوە زیندوو کرایەوە کە لە ساڵی ١٩١١ لە تاراوگەی قاهیرەوە گەڕایەوە[12]. چەند بابەتێکی لەسەر پرسی کورد لە گۆڤاری ئیجتیحاد "*Içtihad*"ی خۆیدا بڵاوکردوە. عەبدوڵلا جەودەت لە بنەڕەتدا سەر بە بزووتنەوەی تورکە گەنجەکان بوو، بەڵام بیرۆکە نەگونجاوەکانی "non-conformist " لە ڕەوتی سەرەکی ئەو بزووتنەوەیە دووری خستەوە. ئەو لەگەڵ شازادە سەباحەدین "Sabahettin" بوو کە یەکێك لە لایەنگرانی ڕاستەقینەی باڵی "adem-i merkeziyet" (نامەرکەزی)ی بزووتنەوەکە بوو. تەنانەت پێش شۆڕشی تورکە گەنجەکانیش بەرگری لەو بۆچوونە کردبوو کە پێویستە کولتووره نەتەوەییە جیاوازەکان هەموویان بە یەکسانی بپارێزرێن و پەرەیان پێبدرێت، بەڕاشکاوی کولتووری مەسیحییەکانیشی دەگرتەوە. ئەو دژی سەربەخۆیی سیاسی بوو بۆ کەمینە موسڵمانەکان، بەڵام پێدەچێت لایەنگری جۆرێک لە دەوڵەتی فیدراڵی بووبێت " Hanio_lu 1981, 202, 278".

ڕەنگە هەر ئەم بیرۆکانە بووبێتە هۆی نیزیکبوونەوەی لەگەڵ سەعید نورسی کە بیرۆکەی هاوشێوەی هەبووە.

12 Zu Cevdet siehe K. Süssheims Artikel in der *Enzyklopädie des Islams*, Ergänzungsband, S. 55-60; Hanio_lu 1981; zu seinen kurdischen Aktivitäten Hanio_lu 1981, 315ff.; Silopi 1969, 26ff.

ئیجتیحاد "*Içtihad*" لە ساڵی ١٩٠٨ وتارێکی سەعید نورسی بڵاوکردەوە کە تێیدا بانگەشە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیریی کورد دەکات، بەڵام پێداگریی لەسەر ئەوە دەکات کە دەبێ کورد و تورک پشت بە یەکتر ببەستن و نابێ لە یەکتر جیاببنەوە. بە لەبەرچاوگرتنی ناوبانگی عەبدوڵڵا جەودەت وەک بیرمەندێکی ئازاد کە تاڕادەیەکی زۆر دژە موسڵمانیش بوو، پەیوەندیی لەگەڵ سەعید نورسی - کە لە ساڵی ١٩١٩دا جارێکی دیکە پێکەوە کاریان کردەوە - لە یەکەم نیگادا جێگەی سەرسوڕمانە. ئەوان ڕەنگە یەکتریان لە پابەندبوون بە عوسمانییەت و پێشکەوتنی زانستی، هەروەها ئارەزووی پەروەردەکردنی هەڤاڵە کوردەکانیاندا دۆزیبێتەوە، بەڵام تەنیا لە بەرامبەر بەرزبوونەوەی شۆڤێنیزمی ناسیۆنالیستە تورکەکاندا، دواتر هەڵوێستێکی جوداخوازی میانڕەویان گرتەبەر.

کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردی هیوا (Hêvî) کە لە ساڵی ١٩١٢ دامەزرا، ئەندامی گەنجتر و توندڕەوتری هەبوو. زۆربەیان لە بنەماڵە ناوبەدەرەکانی شارەکانەوە هاتبوون و لە نێو هاووڵاتیانی گوندنشینی کورد گەلێك نامۆ بوون. کاریگەریی بنەماڵەی وەک بەدرخان، سەید عەبدولقادر یان سەید نورسییان لەسەر نەبوو. کاتێک لە بەرامبەر بەرزبوونەوەی ناسیونالیزمی تورکدا بە داخوازیی جوداخوازانەوە ڕوویان کردە ناسیونالیزمی کوردی، ڕاشکاوانە، ئەم هەڵوێستەیان هیچ کاریگەرییەکی لەسەر

کۆمەڵگەی کوردی بە گشتی نەبوو. کاتێک شەڕ هەڵگیرسا و زۆربەی ئەندامانی هیوا ناچار بوون بچنە ناو سوپاوە، ڕێکخراوەکە لەیەکتر هەڵوەشایەوە.

ماوەیەکی کورت دوای ئاگربەستەکە، ڕێکخراوێکی نوێی کوردی لە ئەستەنبوڵ دامەزرا بە ناوی (Kürt Teali Cemiyeti) واتە کۆمەڵگەی پێشکەوتنی کورد. یەکێک لە دامەزرێنەرانی سەعید نورسی بوو، سەرۆکەکەی سەید عەبدولقادر و ئەمین عەلی بەدرخان بە نۆرەی خۆی کاریگەرترین سەرکردەی کورد و جێگری یەکەمی سەرۆکەکەی بوو؛ ئەندامانیتری لیژنەکە لەچاو ڕێکخراوەکەی پێشوو، نوێنەرایەتی چینێکی کۆمەڵایەتی فراوانتریان دەکرد کە لە باشوور و باکووری کوردستانەوە هاتبوون. لە نێویاندا ئەندامی خوێندەواری بنەماڵەی شار و عەشیرەت، زانایان و ئەندامانی بنەماڵەی شێخە بەناوبانگەکانی نەقشبەندیی و ئەرووەسی "Arvasi" بوون[13].

لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩١٩دا، کۆمەڵی تەعەلیی (پێشکەوتنی) کورد "Kürt Teali Cemiyeti"، تەنیا لە ئەستەنبوڵ ١٠ هەزار کەسی وەك ئەندامی خۆی ڕاگەیاندوە. وەک ئامانجەکانی "پاراستنی بەرژەوەندییە گشتییەکانی کورد و

---

[13] Silopi 1969, 52ff.; Yamülki 1946, 67f.; Komal 1975, 27ff. Eine wichtige Quelle für diesen Zeitraum bilden die Akten des Britischen Auswärtigen Amtes im Public Records Office (PRO) in London. Die weiter unten aufgeführten Dokumente stammen alle aus der Serie FO 371.

بەرەوپێشبردنی دۆزی نەتەوەیی..."، هەروەها ئامرازە مەبەستدارەکان بۆ ئەم ڕێبازە بریتی بوون لە بڵاوکردنەوەی گۆڤار و کتێب، دامەزراندنی قوتابخانە و فۆڕمی جۆراوجۆر بۆ پەروەردەی گەورەساڵان.[14] هەر باسێک پەیوەندیی بە سەربەخۆیی یان ئۆتۆنۆمی کوردەوە بایە، لە لایەن بەرپرسانی حکوومەت بە وریاییەوە دوور دەخرایەوە. کۆمەڵگا تەنیا بەدواداچوونی بۆ ئامانجە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان دەکرد، هەرگیز بە ئاشکرا خۆی بە قازانجی سەربەخۆیی کورد ڕانەگەیاند، بەڵام بێگومان زۆرێک لە ئەندامەکانی ئەو بیرۆکەیەیان لە مێشکیاندا ڕاگرتبوو.

سەید عەبدولقادر کە ئەندامی ئەنجومەنی پیرانی عوسمانیش بوو، وەک عوسمانییەکی سەرسەخت مایەوە و بە توندی دڵسۆزیی خۆی بۆ خەلیفە ڕاگەیاند. هەروەها سەید عەبدولقادر ئەو کەسە بوو کە گەورەترین دەسەڵاتی لەناو جەماوەردا هەبوو: بە تایبەت کوردانی چینی خوارەوە وەک نوێنەری خۆیان سەیریان دەکرد، هەروەها بە شێوەیەکی گشتی گرنگایەتی کەسایەتییەکەی لەلایەن هۆزەکانی ڕۆژهەڵاتەوە ناسرابوو. ئەندامانی توندڕەوتری کۆمەڵگا، بە هەستکردن بەوەی دۆخی نێودەوڵەتی بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی لەبارە، لەم ناوەدا هەوڵیان دەدا بۆ بیرۆکەکەیان لە پارێزگاکانی ڕۆژهەڵاتدا پشتیوانی بەدەست

[14] Public Records Office, London (PRO), file FO 371, 1919, ME 44/91082/3050.

بهێنن. ئەو "چواردە خاڵە"ی لە سەردەمی شەڕدا لەلایەن سەرۆکی ئەمەریکا ویلسۆنەوە دارێژرابوو، بەڵێنی مافی چارەی خۆنووسینی بە هەموو گەلانی زەرەرمەندی شەڕەکە دابوو، ئینگلیزەکانیش حەزیان لە دەوڵەتی پارێزەری کوردی لە نێوان ناوچە داگیرکراوەکانی عێراق و تورکەکاندا بوو.

کۆمەڵگای ئەو سەردەمە لە هەندێک شارە مامناوەند و گەورەکانی ڕۆژهەڵات، لەوانە ئەلازیق، مەلاتیا، موش و دیاربەکر گروپی ناوخۆییان پێکهێنا (Gürsel ١٩٧٧، ٤٤) . چالاکترین گروپ لە دیاربەکر بوو، شارێک کە دانیشتووانێکی تێکەڵاوی تورکی و کورد - و پێشتر ئەرمەنی - هەبووە و هەمیشە کەشوهەوای ڕۆشنبیریی و زیندوو بەسەر شارەکەدا زاڵ بووە. هەندێک لە ئەندامانی پێشووی هیوا "Hêvî" لێرەدا بەسەر دیمەنی کوردیدا زاڵ بوون، بەڵام هاوسۆزیی بۆ تورکە گەنجەکانیش بەهێز بوو. زیا گۆێیەلپ"Ziya Gökalp" کوردێکی کاریگەر، کە بووبوو بە یەکێک لە ئایدۆلۆژیستە سەرەکییەکانی ناسیۆنالیزمی تورکی هەروەک هەندێک لە ڕێکخەرانی سەرەتایی بەرخۆدانی کەمالیستەکانیش، لە دیاربەکرەوە هاتبوو. هەڵسوکەوتی یانەی کورد لە دیاربەکر بۆ داخوازییەکانی کورد گەلێك ئاشکراتر و ناسیۆنالیستی بوو بە هەڵسەنگاندن لە کۆمەڵگای ئەستەنبوڵ، بەڵام لە کردەوەدا سەلماندی کەمتر کاریگەری لەسەر عەشیرەتەکانی ناوچەکانی دەوروبەری هەبوو. بە گشتی کوردەکانی ڕۆژهەڵات زیاتر خەمی ئەو مەترسییەیان دەخوارد کە نەکا

دەوڵەتێکی ئەرمەنی لەسەر خاکەکەیان دامەزرێت. بانگەوازی کەمالیستەکان بۆ برایەتیی نێوان تورک-کورد لە ژێر چاودێری خەلافەت سەرکەوتنی گەورەتری لە هەموو بانگەوازێکی ناسیۆنالیستی کورد بەدەستهێنا.

پاییزی ساڵی ١٩١٩ مەیجر نۆئێل "Major Noel"ی بریتانی لە بەغداوە بۆ بەدەستهێنانی تێڕوانینێکی گشتی لە دۆخی کوردستان و بۆ گەڕان بەدوای هەستی کورد بە ئامانجی سەربەخۆیی نەتەوەیی نێردرایە ناوچەکە. ئەو لەسەر بیرۆکەی دەوڵەتی کوردی گەلێك جیددی بوو و هەوڵی دەدا کەسانێک بدۆزێتەوە کە کاریگەرییەکی جەماوەری تەواویان هەبێت و بتوانن لەژێر پاراستنی بەریتانیادا دەوڵەتێکی لەو شێوەیە بەڕێوەببەن. ڕاپۆرتەکانی بە ڕوونی ئەوە دەردەخەن کە بۆ ئەوەی پرۆژەیەکی لەو شێوەیە بەڕێوەبەرێ، پێویستیی بە کوردی یەکگرتوو هەیە، بەڵام لە کردەوەدا بۆی ڕوون دەبێتەوە نەیارانی کورد نەتەوەی کوردیان زۆر بە باشیی لێکدابڕاندبوو. بۆ بەرپەرچدانەوەی بزووتنەوەی کەمالیستی کە ئەوکاتە ڕێکخستنی کۆمەڵگای لە ڕۆژهەڵاتی وڵاتەکە بەدەستەوە بوو، پێشنیاری کرد کە ئەستەموڵ وەک پارێزەری ناسیۆنالیستە کوردەکان هەڵبژێردرێ. بوونی نۆئێل لە مەلاتیا بە هاوکاریی ئەندامانی گەنجی " کۆمەڵی تەعالیی کورد" لە ئەستەموڵ کە هاوکات بوو لەگەڵ کۆنگرەی سیواس "Sivas"، ئەو بڕوایەی پێکهێنا کە دەیەوێت هۆزە ناوخۆییەکان بۆ هێرشکردنە سەر کۆنگرە و مستەفا کەمال

هان بدات. سەربازیان بە دوادا ڕەوانە کردن و کوردەکان لە لایەن بەرپرسانی کەمالیستەوە دەسبەسەرکران و خرانە ناو بەندیخانەوە. ڕاپەڕینێك بە پشتیوانی هۆزە کوردەکەن هەرگیز ڕووی نەدا.

ئەم ڕووداوە شەرمەزارییەکی زۆری بۆ ئینگلیزەکان دروست کرد؛ فەرەنسییەکان کە لە کەمالییەکانەوە ئەو ڕووداوەیان بیستبوو، نارەزاییان دەربڕیوە و ئینگلیزییەکانیان بە دەستێوەردان لە کاروباری ناوچەکە تۆمەتبار کردووە. مستەفا کەمال خۆی لە وتارە مەزنەکەی ساڵی ١٩٢٧یدا ئاماژەی بەم ڕووداوە کردووە.[15]

لە ڕاستیدا دوای ئەوەی عەلی غاڵب بەگ "Ali Galip Bey"، والی دژە کەمالیستی ئەلازیق "Elazıs"، بە هاوکاری عەشیرەتە کوردەکان بۆ دەستگیرکردنی مستەفا کەمال فەرمانی لە سوڵتان وەرگرت، بۆ ئەو مەبەستە هۆزە چەکدارەکانی کوردی کۆکردەوە. ئەم چەکدارانە لەبری ئەوەی ڕاستەوخۆ هێرش بۆ سیواس بەرن، سەرەتا چوونە مەلاتیا کە پارێزگای ئەندامێکی بنەماڵەی بەدرخان بوو. لایەنگر و سەربازە دڵسۆزەکانی کەمالیستەکان بە هاسانی ئەم بەناو ڕاپەڕینەیان تێکشکاند کە تێیدا هەستیان بە مەترسی ڕاپەڕینێکی

[15] Vergleiche Golo_lu 1968-1974, Bd. II, 123f.; Noels eigener Bericht ist zu finden in PRO, FO 371, 1919: 44 A / 129887; und 134740/3050; die Version der Brüder Kamran und Celadet Bedirkhan, die Noel begleiteten, in Chirguh 1930, 29.

ناسیۆنالیستی کورد لە ژێر چاودێری بەریتانیا دەکرد. (Erdeha ١٩٧٥).

بەو هۆیەی ناسیۆنالیستەکان کاریگەریی پێویستیان لەسەر دانیشتوانی کورد نەبوو، بۆ پێشبردنی دۆزی خۆیان ناچار بە هەوڵی دیپلۆماسی کران. نوێنەرانی" کۆمەڵی تەعەلیی کورد" بۆ بەرگریکردن لە بەرژەوەندییەکانی کورد سەردانی هەندێک باڵیۆزخانەیان کرد و لەوەش گرنگتر نوێنەرێک بە ناوی "شەریف پاشا" ڕەوانەی کۆنفرانسی ئاشتی کرا. شەریف کوردێک لە بنەماڵەیەکی ئەرستۆکراتی بوو، دیپلۆماتکارێکی عوسمانی بوو کە لە فەرەنسا و لە هەندەران ژیابوو. لە کۆنفرانسەکەدا لەگەڵ دانوستانکاری ئەرمەنی بۆغۆس نوبار پاشا "Boghos Nubar Pascha" لەسەر دابەشکردنی پارێزگاکانی ڕۆژهەڵاتی وڵات بەسەر خاکی ئەرمەن و کورددا ڕێککەوتن. لە ئەنجامدا پەیمانی سیڤەر بڕگەیەکی لەخۆ گرت کە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی بە کراوەیی هێشتەوە.

کاتێک ڕێکەوتنەکەی شەریف پاشا لەگەڵ ئەرمەنییەکان لە شوباتی ١٩٢٠دا ناسرا، ناکۆکییەکی گەورەی لە نێوان ڕێکخراوەی" کۆمەڵی تەعەلیی کورد"دروستکرد، کە تا ئەو کاتە بە ئاشکرا داوای سەربەخۆیی نەتەوەی کوردی نەکردبوو. سەید عەبدولقادر بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە و تیایدا ڕۆڵی شەریف پاشا وەک نوێنەری " کۆمەڵی تەعەلیی کورد"پشتڕاستکردەوە، بەڵام گرنگی ڕێککەوتنەکەی بە کەم

ڕاگەیاند: ڕوونیشی کردەوە کە ناتەبایی لە نێوان کورد و تورکیا نییە و نەتەوەی کورد لە ئۆتۆنۆمی زیاتر داوای هیچیتر ناکەن. ئەم ڕاگەیاندنە بووە هۆی درزێکی قووڵ لە ناو کۆمەڵگای کوردیدا. هەندێک لە ئەندامان کۆبوونەوەکەیان بەجێهێشت؛ بەدرخانەکان سەرەتا مانەوە و هەوڵیان دا سەید عەبدولقادر لە پۆستەکەی دووربخەنەوە. ڕێکخراوە کوردییەکان کە نوێنەرایەتی زۆرینەی مرۆڤی کوردیان لە ئەستەمول دەکرد، پشتیوانی بێ مەرجی خۆیان بۆ سەید عەبدولقادر ڕاگەیاند. پاشان ئەو ئەندامانەی خەلافەتیان ڕەتدەکردەوە یان زیاتر نەتەوەپەرست بوون، لە کۆمەڵگا دوورکەوتنەوە و ڕێکخراوی تایبەت بە خۆیان دامەزراند.[16]

کۆمیسیۆنی باڵای بریتانیا لە ئەستەمول ئاماژەی بەوەدا کە زۆرێک لە ڕۆشنبیرانی کورد زیاتر لە خودی عەبدولقادریش لایەنگری تورکیا بوون. درز تێکەوتنی ڕێکخراوەکەی بە دەرئەنجامی هەوڵەکانی تورکیا بۆ لێکدابڕاندنی نێوان ئەندامانی کۆمەڵگا و شەریف پاشا لێکدەداتەوە. دواتر ناسیۆنالیستە کوردەکان هۆکاری ئەو پچڕانەیان بە پلەی یەکەم بۆ هەڵسوکەوتی کۆنەپەرستانەی سەید عەبدولقادر و دڵسۆزیی کوێرانەی بۆ خەلافەت گەڕاندەوە. گرنگترین ڕێکخراوەی نوێی وەك "Kurdische Soziale Liga" واتە (تەشکیلاتی کۆمەڵایەتی کوردی) لە مانگی ئایاری ساڵی

[16] FO 371, 1920: E 5063/11/44.

١٩٢٠دا پێکهێنانی ڕێکخراوەی خۆی بە ئینگلیزەکان ڕاگەیاند. دوو لە ئەندامانی دامەزرێنەر، عەبدوڵڵا جەودەت و جەلادەت بەدەرخان بوون.[17]

تێڕوانینی جیاواز سەبارەت بە بەرژەوەندییەکانی کورد، ڕێکخراوە کوردییەکانی ئیفلیج کرد. نوێنەری حکومەتی ئەستەموڵ لە کۆنفرانسی ئاشتیدا ئامادە بوو بە داواکاریی کوردستانی سەربەخۆ ڕازی بێت و ڕێککەوتنێکی نافەرمی لەگەڵ شەریف پاشا لەسەر سنوورەکانی دامەزراندنی دەوڵەتێکی لەو شێوەیە بەڕێوە برد. ئەمەش دەبوو لە پارێزگاکانی وان، بەدلیس، مەلاتیە، دەرسیم و بەشێک لە دیاربەکر و ئەلازیق پێکبێت.[18] جێگای سەرنجە کە باس لە پارێزگای موسڵ نەکراوە کە تا ڕادەیەکی زۆر لەلایەن ئینگلیزەکانەوە دەستی بەسەردا گیرابوو. دوای چەند هەفتەیەک سەید عەبدولقادر نامەیەکی نارەزایی بۆ کۆمیسیۆنی باڵای بەریتانیا نووسی و تێیدا داوای خاکی گەورەتری بۆ دەوڵەتی کوردی کرد.[19] ئەمەش دیسان ئەوە دەردەخات کە عەبدولقادر دژی ئیدیعای ئەرمەنەکان بووە، بەڵام مەرج نییە ئەم هەڵوێستەی لە بەرژەوەندی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردیدا بووبێت.

---

[17] FO 371, 1920: E 6148/11/44

[18] FO 371, 1920: E 6437/11/44.

[19] FO 371, 1920: E 8555/11/44.

بەڵام لەم قۆناخە کاتییەدا چیتر نەدەکرا حکومەتی ئەستەنبوڵ وەک نوێنەرایەتی تورکیا هەژمار بکرێت. کەمالیستەکان پێشتر بە پشتیوانییەکی بەرچاوی کورد، بەرەی دژە حکومەتی سەرکەوتووی خۆیان لە ئەنقەرە پێکهێنابوو. ئەوان هەرگیز دانیان بە پەیماننامەی سێڤرێدا نەنا. هەروەها ئینگلیز و ئەمریکییەکان هەر زوو تامەزرۆیی خۆیان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی لەدەستدا، چونکە بۆ ئەوەی دەست بەسەر کێڵگە نەوتییەکانی موسڵ دا بگرن، ڕێگەی دیکەیان دۆزیەوە. بە تێپەڕبوونی کات، لەڕاستیدا کوردێکی زۆرتر تامەزرۆی پێکهێنانی دەوڵەتی خۆیان بوون، بەڵام ئیتر بارودۆخی نێودەوڵەتی بۆ ئەم ئارەزووە کەم ببۆوە.

دوای ساڵی ١٩٢٠ مرۆڤ چیتر گوێ بیستی پێکهێنانی دەوڵەتی کوردی لە لایەن ئەو ڕێکخراوە کوردیانەی لە ئەستەموڵ دامەزرابوون نەدەبوو. هەندێک لەو ڕۆشنبیرە کوردانە دواتر لە تاراوگەدا توانەوە ناو کۆمەڵەی خۆیبونی کورد لە سوریا. ڕۆڵی ئەوان لە ڕاپەڕینی شێخ سەعید لە ڕادەبەدەر پەراوێز بوو. بەڵام خۆیبون لە ڕێکخستنی ڕاپەڕینێکی دواتری کورد کە لە قەزاکانی دەوروبەری چیای ئارارات لە ساڵی ١٩٢٨ تا ١٩٣٠ ڕوویدا، ڕۆڵیان هەبوو. لەو کاتەدا خۆیبون دەستی بە کارکردن لەگەڵ ڕێکخراوەی ئەرمەنی داشناک "Dashnak" کردبوو کە هاوکاریی لۆژیستیکی بۆ دابین دەکردن. ڕێکخراوەکە لە کەرتی ڕۆشنبیریشدا چالاک بوو؛ ئەندامەکانی گۆڤارێکیان بە ناوی "هاوار"

بڵاوکردەوە، کە بەشێکی چارەنووسسازیان هەبوو لە پەرەپێدانی زمانی کوردی بەشێوازی زمانێکی نووسراوە.

بەڵام لە ساڵی ١٩٢٣ بە سەرۆکایەتی چەندین ئەفسەری سەربازیی ڕێکخراوەیەکی نوێی کوردی دروست بوو. ئەم ڕێکخراوە کە ناوی "ئازادی"بوو، زیاتر بنکەی لە گوندنشینەکانی ڕۆژهەڵاتی وڵات بوو نەک لە شارە گەورەکان، بەڵام ڕۆڵێکی چارەنووسسازیان لە ڕاپەڕینی شێخ سەعیددا بینی.

دوای ئاگربەست، ترانسکاوکازیا "Transkaukasien" لەلایەن سەربازانی تورکیاوە چۆڵکرا و ئینگلیزەکان دەستیان بەسەردا گرت، هەروەها لەساڵی ١٩١٩ ڕێگایان بۆ سێ کۆماری ئەرمەنستان، گورجستان و ئازەربایجان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان خۆش کرد. حکومەتی ئەرمەنستان هەوڵیدا خاکەکەی تا ئەنادۆڵ گەورە بکاتەوە، بەڵام ڕووبەڕووی بەرخۆدانی توندی موسڵمانان بووەوە. هێرشێکی کەمالیستەکان لە ئەیلوولی ١٩٢٠ سەربازانی ئەرمەنی تا ناو قەوقاز دوور خستەوە و لە مانگی دیسامبری ساڵی ١٩٢٠ کۆماری ئەرمەنستان کە گەلێك بچووك ببۆوە، پەیماننامەی ئاشتی لەگەڵ حکومەت لە ئەنقەرە واژۆ کرد. لە مانگی نیسانی ساڵی ١٩٢١ بالشقیەکان دەستیان بەسەر ئەرمەنستاندا گرت و دوای چەند مانگێک ئەنقەرە ڕێککەوتنێکی نوێی لەگەڵ حکومەتی بالشڤیکی کۆمارەکانی ترانسقەوقاز واژۆکرد و بەپێی ئەو ڕێککەوتنە قارس "Kars" و ئەردەهان "Ardahan" ڕادەستی تورکیا کران. بەم شێوەیە دواجار ئەگەری تەرخانکردنی خاکی کورد بۆ ئەرمینیا

ڕەتکرایەوە و یەکێک لەو فاکتەرە گرنگانەی کە کورد و تورکی یەکخستبوو، ئیتر بوونی نەما.[20]

پرسی پێگەی پارێزگای موسڵ کە زۆربەی باشووری کوردستانی گرتبۆوە، بە کراوەیی مایەوە. بەپێی مەرجەکانی ئاگربەستەکە، سەربازانی تورکیا ناچاربوون ئەم پارێزگایە چۆڵ بکەن، بەڵام کەمالییەکان هەر لەسەرەتاوە وەک بەشێکی دانەبڕاو لە تورکیا بانگەشەی ئەوەیان دەکرد، کە لە "پەیمانی نیشتمانی" (Misak-i Milli)دا ئەو ناوچەیە وەک خاکی سەر بە زۆرینەی موسڵمانی غەیرە عەرەب دانراوە.

دیارە بەرژەوەندیی سەرەکی هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان تەنیا دەوڵەمەندیی نەوتی ئەم پارێزگایە بوو. کۆمپانیای نەوتی تورکیا دوای شەڕی جیهانی یەکەم کەوتە ژێر کۆنترۆڵی تەواوی بەریتانیاوە. ئینگلیزەکان دەستیان بەسەر پشکی ئەڵمانیادا گرتبوو. لە ئەنجامدا، بەو پێیەی بە پلەی یەکەم لەلایەن بەرژەوەندییەکانی بەریتانیاوە کۆنترۆڵ دەکرا، کۆمپانیا تورکییەکە گەورەترین ئیدیعای لەسەر بیرە نەوتییەکانی ناوچەکە هەبوو. جگە لە ئیدیعای بەریتانیا لە ڕێگەی کۆمپانیای نەوتی تورکیا(TPC) ، ئیدیعایەکی کۆنتر لە لایەن ڕکابەری ئەمریکییەکانیش هەبوو، کە پێی دەگوترێت ئیمتیازاتی چێستەر"Chester". ئەم ئیمتیازە کە بە ناوی

---

[20] Einen ausführlichen Überblick über die Entwicklungen in Transkaukasien bietet Walker 1980, 243ff.

دەریاوان کۆلبی چێستەری ئەمریکییەوە ناونراوە، ڕێککەوتنێک بوو کە مافی پەرەپێدانی سەرچاوەکانی بە وەبەرهێنەرانی ئەمریکی لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا دەدا، لەوانەش نەوت. بۆیە ئیمتیازاتی چێستەر نوێنەرایەتی کێبڕکێی بۆ بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا لە ناوچەکە دەکرد و گرژیی لە نێوان ئیدیعای بەریتانیا و ئەمریکا بۆ سەر سەرچاوە نەوتییەکان دروستکرد. بێگومان ئینگلیزەکان ئامادە نەبوون کێڵگە نەوتییەکان بدەنە دەست تورک و ڕەنگە ئەمەش هۆکاری سەرەکی بووبێت بۆ پەرەپێدانی ناسیۆنالیزمی کوردی. ڕەنگە پێکهێنانی دەوڵەتێکی کوردیی لەژێر پاراستنی بەریتانیا لە سەرەتادا بەلای ئەوانەوە وەک باشترین ڕێگە بۆ دەستەبەرکردنی بەرژەوەندییە نەوتییەکانیان دەرکەوتبێ.

لەگەڵ ئەوەی بۆیان دەرکەوت کە زۆربەی ناسیۆنالیستە کاریگەرەکانی کورد دڵسۆزییەکی کەمیان بۆ بەریتانیا نیشان دەدا و لەبری ئەوە هەستیان بە پەیوەندییەکی نزیکتر لەگەڵ برا موسڵمانەکانیان لە تورکیا دەکرد، بیرۆکەی لکاندنی مووسڵ بە عێراقەوە بە پێی کات بە هێزتر بوو. لە کۆنفرانسی سان ڕیمۆ "San Remo" لە نیسانی ١٩٢٠، فەرەنسا پشکی لە سەدا ٢٥ی کۆمپانیای نەوتی تورکیای وەرگرت، بەمەش گەرەنتی پشتیوانی خۆی بۆ سیاسەتی - موسڵی بەریتانیا قایم کرد. بەڵام ئەمریکییەکان بە توندوتیژی بەرامبەر بەم ڕێککەوتنە ناڕەزایەتیان دەربڕی، کە بە تەواوی پشتگوێ خرا. ئەوان لە ئەنقەرە پاڵپشتی حکومەتی تورکیایان کرد، و

مۆرکردنی پەیمانی کۆمپانیای نەوتی تورکیایان بە نادروست لە قەڵەم دا. هەربۆیە بۆ ماوەی چەند ساڵێک ئەمریکییەکان پشتیوانیان لە ئیدیعای کەمالیستەکان بۆ موسڵ کرد و بەدڵنیاییەوە تامەزرۆییان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی نەبوو. دوای ئاڵوگۆڕی دیپلۆماسی بەرفراوان، دواجار لە ساڵی ١٩٢٢ پشکی لەسەدا بیستیان لە کۆمپانیای نەوتی تورکیا وەرگرت.[21]

لەمەودوا تاکە پاڵپشتی دەرەکی کەمالیستەکان بۆ ئیدیعاکانیان لەسەر وەرگرتنی مووسڵ لەلایەن یەکێتی سۆڤیەتەوە دەبینرا. بەڵام حکومەت لە ئەنقەرە ئامادە نەبوو دەستبەرداری پارێزگاکە بێت و لە پەیمانی لۆزان کە لە نێوان تورکیای نوێ و هاوپەیمانان لە ساڵی ١٩٢٣ پێکهات، پێگەی موسڵ بە بێ بڕیار مایەوە. ڕێککەوتنیان ئەوە بوو کە کۆمەڵەی گەلان بابەتەکان بخەنە دەستی خۆیان و بەپێی خواستی دانیشتووان بڕیار لەسەر دۆخی کۆتایی بدرێ. پاشان هەم ئینگلیزەکان و هەم تورکەکان پڕوپاگەندەی خۆیان لەو پارێزگایە چڕتر کردەوە. ئینگلیزەکان بەردەوام بوون لە بەڵێنی نیمچە سەربەخۆیی بۆ کوردان. بۆ بەرپەرچدانەوەی نفوزی تورکیا، شێخ مەحمود بەرزنجی کە پێشتر لە دەوڵەتی ئینگلیز

---

[21] Zur Strategie der Briten, Franzosen und Amerikaner gegen die Kurden und hinsichtlich der Ölquellen in Mosul vergleiche Shaw 1976.

یاخی ببوو، جارێکی دیکە ڕۆڵی فەرمی وەک پارێزگار بەسەر بەشێکی زۆری کوردستاندا پێدرا.

بەڵام شێخ خۆی زیاتر وەك حاکمێک دەبینی: ئەو حکومەتی خۆی سەربەخۆ و بە بێ مەیلی ئینگلیزەکان پێکهێنا و پەیوەندیی لەگەڵ تورکەکاندا دروست کردبوو. پاشان ئینگلیزەکان سلێمانی پێتەختی شێخیان بۆردومان کرد و سەربازەکانی ناچار بە هەڵاتن بۆ ئەودیوی سنووری ئێران کران. هیچ کام لەم ڕووداوانە نەیاندەتوانی خواستێکی ئەوتۆ لەنێو دانیشتوانی موسڵدا بۆ پەیوەستبوون بە عێراقەوە دروستبکەن و پڕوپاگەندەی تورکیا نارازیبوونیانی لە دەسەڵاتی بەریتانیا قۆستەوە؛ حکومەتی ئەنقەرە بەڵێنی هەڵسوکەوتی باشتری دا بەو مەرجەی کورد بڕیاری پەیوەندیکردن بە تورکیاوە بدات.

لەو کاتەی ڕاپەڕینی شێخ سەعید سەریهەڵدا، هێشتا پێگەی پارێزگاکە یەکلایی نەکرابۆوە و کۆمیسیۆنێکی نێودەوڵەتیی کۆمەڵەی گەلان بۆ ئەوەی ویستی دانیشتووانەکەی بخاتەڕوو، سەردانی موسڵی کرد. بۆیە دەبێ ڕاپەڕین و سەرکوتکردنی توندی ئینگلیزەکان لەڕادەبەدەر پێشوازی لێکرابێت. جێگای تێگەیشتنە کە تورکەکان گومانیان لە ئینگلیزەکان هەبوو کە دارێژەری ڕاپەڕین و یەکێتی سۆڤیەتیش تۆمەتی هاوشێوەی خستە پاڵیان. بەڵام هیچ بەڵگەیەک لە ئەرشیفی ئینگلیزدا نییە کە ئینگلیزەکان لە

ڕاستیدا لەم هاندانەدا ڕۆڵیان هەبووبێت، هەرچەندە ئاگادارکرابوونەوە کە هەندێک ڕاپەڕینی کورد لە ئارادایە.

کۆمیسیۆنی کۆمەڵەی گەلان بە شێوەیەکی ئاسایی گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە هەم خواستی زۆرینەی دانیشتووان و هەم ڕەچاوکردنی ئابووریی، زیاتر لە بەرژەوەندی لکاندنی کوردستان بە عێراقەوەیە و نەک یەکگرتنەوەی لەگەڵ تورکیادا. بەڵام کۆمسیۆنەکە ئاماژەی بەوەشکردووە، هەنگاونان بەرەو سەربەخۆیی لە لایەن کۆمەڵی کوردییەوە گەلێك خوازراوە. لە کۆتاییدا کۆمکاری گەلان ئەنجامەکانی کۆمسیۆنەکەی قەبوڵ کرد و تورکیا ناچار بوو دەستبەرداری ئیدیعاکانی بێت. لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٢٦ ئەنقەرە ڕێککەوتنێکی لەگەڵ عێراق و بەریتانیا واژۆ کرد لە بەرامبەردا بەڵێنی سەدا دەی داهاتی نەوتی ٢٥ ساڵی داهاتووی نەوتی عێراقی لێ وەرگرتن.[22]

[22] Longrigg: 1953, 144ff.; Melek: 1983.

لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا کورد و تورک هەمیشە خۆیان وەک ئەندامی هاوتای موسڵمانی سوننە دەبینی، بە پێچەوانەی ئەوانیتر، واتە مەسیحی و جوولەکە. سەدەی بیستەم لەناو نوخبە خوێندەوارەکانی هەردوو نەتەوەکەدا پێگەیەکی بەرزی بەدەستهێنا، بەڵام جەماوەرەکەی بە کردەوە وەك خۆی هێشتەوە. لە شەڕی ڕزگاریدا، تورک و کورد بە پلەی یەکەم لە ڕێگەی بەرخۆدانی هاوبەشیان لە بەرامبەر هەڕەشەی هەژمۆنی مەسیحییەکان و دڵسۆزیی هاوبەشیان بۆ سوڵتان – خەلیفە، یەکگرتوو مانەوە. ئەو ڕاستییەی کە سوڵتان لە سەرەتادا شەڕی بزووتنەوەی دژ بە کەمالیستییەکانی بەڕێوەبرد، لە ڕاستیدا حسابی بۆ نەدەکرا، چونکە بە شێوەیەکی گشتی باوەڕ وابوو کە هاوپەیمانانی سەرکەوتوو ناچار بەو هەڵسوکەوتەیان کردووە.

مستەفا کەمال لە نامە و تەلەگرامەکانیدا بۆ سەرکردە عەشیرەت و ئایینیەکانی کورد، چەندین جار جەختی لەسەر برایەتی نێوان کورد و تورک کردەوە و جەختی لەوە کردۆتەوە کە شەڕەکە تەنیا بۆ بەرگریکردن لە خەلافەت بەڕێوەدەچێت. تەنانەت کەمالیستەکان زۆرێک لە ڕۆشنبیرانی کوردیان کە لە ژێر کاریگەری بیرۆکەی

ناسیۆنالیستیدا بوون، بە بەڵێنی دامەزراندنی سەربەخۆیی کولتووری، بۆ لای خۆیان ڕاکێشا. بەرپرسێکی بریتانی دوای ئەوەی لەگەڵ ناسیۆنالیستە کوردەکان ئاخافتنی کردوە، گێڕاویەتەوە کە ئەوان لە هاوپەیمانان ناهومێد بوون، چونکە مەبەستی هاوپەیمانیی زلهێزەکان دابەشکردنی خاکی کوردە.

هەروەها ئەو بەرپرسە گوتوویە: "بۆیە ڕوویان لە تورکە گەنجەکان کردوە، چونکە بەڵێنیی کوردستانێکی ئۆتۆنۆمیان پێدراوە، بۆیە ملکەچی دەسەڵاتی گشتی سوڵتان و پەرلەمانی تورکیا بوون، چونکە تیایدا کورد نوێنەرایەتی خۆی پێدەدرێ. پۆستی حکوومەتی، ژاندارمری و بەڕێوەبردنی ئیداریی لەدەست خودی کورددا دەبن. بەشی سەرەکی داهات لە خودی کوردستاندا خەرج دەکرێ، بەشێکی دیاریکراویش دەچێتە خەزێنەی دەوڵەتەوە. بڕیاری کورد بۆ دامەزراندنی ڕاوێژکاری بیانیی ئازاد دانرابوو، بەڵام دەوڵەت وەک دەوڵەتێکی دانەبڕاو لە ئیمپراتۆریەتی تورکیا دەمایەوە".[23]

لەگەڵ چەسپاندنی دەسەڵاتی کەمالیستی، هەڕەشەی سەر ئەرمەنەکان دابەزی و دووەم دامەزراوەی پابەندکراو کە خەلافەت بوو، لەگەڵ دامەزراندنی کۆمار لە ساڵی ١٩٢٣دا یەکەم گورزی لێکەوت. هەڵوەشاندنەوەی خەلافەت لە ساڵی دواتردا شۆکێکی گەلێك مەزنی لە ناو کوردەکان پێکهێنا. بێمتمانەیی کۆنی ڕیفۆرمخوازان کە زۆر بە قورسی

---

[23] FO 371, 1919: 44 A/175160/3050.

دەستوەردانیان لە کاروباری ناوخۆییدا دەکرد، دیسانەوە بە هەمان شێوەی سەردەمی سوڵتان عەبدولحەمید بەهێز کرایەوە. ئێستا ئیتر ڕیفۆرمخوازان کۆنترۆڵی تەواویان بەسەر دەوڵەتدا کردبوو، لە چاوی زۆرێک لە کوردەکان (و تاقمێك تورکەکانیش)دا متمانە و شەرعییەتپێدانیان لێسەندنەوە. داخستنی قوتابخانە ئیسلامییە تەقلیدییەکان (مەدرەسە) و بە تایبەتی چاکسازییە ئیداری و باجییەکان کە حکومەت جێبەجێی دەکرد، بووە هۆی پەرەسەندنی ناڕەزایی بەرامبەر بە نیزامی نوێ.

بە تایبەتی گلەیی و ناڕەزایەتیی کورد بەرزتر بووەوە و هەستی هەڵاواردن لە لایەن حکوومەتی تورکان بەرز بۆوە. ئێستا ئیتر هەندێک ڕووداو لە ڕوانگەیەکی جیاوازەوە سەیر دەکران. دوای شەڕ، هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەو پەنابەرە کوردانەی کە دوای کشانەوەی سوپای تورکیا ناچار ببوون پارێزگاکانی ڕۆژهەڵات بەجێبهێڵن، تاڕادەیەک دوژمنانە و نامرۆڤانە بوو. ساڵی ١٩١٩ - دیار بوو لەلایەن حکومەتی ئەستەنبوڵەوە - فەرمان درابوو کە ئەو مرۆڤانە بەسەر گروپی ٣٠٠ کەسیدا دابەش بکرێن و لە سەرکردە هۆز و ئایینییەکانیان جیابکرێنەوە، بۆ ئەوەی کەمتر لە سەدا پێنجی پارێزگاکانی ناوخۆیی پێکبهێنن، بەسەر پارێزگاکانی ڕۆژئاوادا بڵاوببنەوە.[24] سەرکردەیەکی خێڵەکی کە بۆ کۆکردنەوەی خەڵکەکەی و بۆ

[24] FO 371, 1919: 44 A/112202/3050.

ئەوەی لەگەڵیان بگەڕێتەوە بۆ ڕۆژهەڵات، داوای مۆڵەتی کردبوو، ئەو کارەی لێ قەدەغە کرابوو (یامولکی "Yamülki": ١٩٤٦-f 70).

بە چاوخشاندنەوەی ڕابردوو، هەندێک ئەم هەڵوێستەی حکوومەتی تورک وەک هەوڵێک بۆ بڵاوەکردنەوە و ئاسیمیلەکردنی نەتەوەی کورد لێکدەدراوە. لە دوای ساڵی ١٩٢٢ کەمالیستەکان چیتر باسیان لە برایەتی کورد-تورک نەدەکرد، بەڵکوو بە گشتیی تەنیا باسیان لە خواست و مافی تورک دەکرد. لێرە بەولاوە دیارە بیرۆکراسی وڵات گیرۆدەی ناسیۆنالیزمێکی نەخۆشی تورکیا بوو. نەتەوەی کورد، هەروەك کەمینەکانیتریش، لە دەقی دەستووری ساڵی ١٩٢٤دا باسیان لێوە نەکراوە: ناوی ئەو دەستوورەیان نا "دەستووری تورک"، زیاتر باسی لە "مافی هەموو تورکێک"، یان "نەتەوەی تورک"، و هتد دەکرد (نموونەی زیاتر لە ڕاپۆرتەکانی بێشکچی "١٩٦٩، ٢٩٩"دا هاتووە).

هەروەها حکومەتی چاکسازیخواز و ناوەندگەرا بێزاریی خۆی لە هەر چەشنە ئۆتۆنۆمییەکی ئیداری بە کردەوە دەربڕی. ئەمەش پێشتر لە زستانی ساڵی ١٩٢٠-٢١دا ڕوون ببووەوە، کاتێک سەرکردە هۆزەکانی ڕۆژئاوای دێرسیم بۆ یەکەمجار لە تەلەگرامەکانیان بۆ ئەنجومەنی نیشتمانیدا داوای سەربەخۆیی و دواتریش ئۆتۆنۆمییەکی سنوورداریان کرد. دەستبەجێ سەرباز بۆ دامرکاندنەوەی ئەم یاخیبوونە

ڕەوانەی ئەو ناوچەیە کران و سەرکردەکانیان بە توندی سزادا. ئەم سەرکردە عەشیرەتانە دانیان بەوە دانا کە پەیوەندییان لەگەڵ سەید عەبدولقادر لە ئەستەنبوڵ هەیە. سەرەتا بەپێی مەرجەکانی پەیمانی سێڤر داوای وەرگرتنی سەربەخۆییان کرد؛ دوای چەند مانگێک و لە مانگی ئازاری ساڵی ١٩٢١دا میانەڕەوتر بوونەوە و داوای گۆڕینی ناوچەی کوردیی ڕۆژئاوای دێرسیمیان لە ژێر دەسەڵاتی پارێزگارێکی کورد و بەڕێوەبەرایەتی کورد دەکرد. عەشیرەتەکان چەکدار بوون و ئامادەیی خۆیان بۆ خەباتکردن لە پێناو ئەم مافە ڕەوایە ڕاگەیاند، کە دەبێ هۆکاری سەرەکی بۆ ئەو سزادانانەی حکوومەت بووبێت. لە لایەن بەرپرسانی حکوومەتەوە هیچ هەوڵێک بۆ دەستپێکردنی دانوستانی جیددی نەدرا ( Dersimi 1952, Komal ;120ff. 1975).

ژەنەراڵی کەمپەینەکە، نورەدین پاشا"Nurettin Pascha"، تایبەتمەندییەکی پێوە لکێندراوە کە زۆرجار دووپات کراوەتەوە: "ئێمە ئەو کەسانەمان بێدەنگ کردووە کە دەیانگوت زۆ'Zo' (واتە ئەرمەنییەکان)، ئێستا نۆرەی ئەو کەسانەیە کە دەڵێن لۆ'Lo' (واتە کوردەکان)" ( Yamülki: 1946, 73). لەم کاتەدا ڕاپەڕینەکە هاوسۆزییەکی کەمی لەو کوردانەی دیکە وەرگرت کە هەستیان بە نوێنەرایەتی لە ئەنجومەنی نیشتمانیدا دەکرد. بەڵام لە ساڵانی دواتردا، پشتیوانیی ئەوان وەک بەڵگەیەک بۆ ئەوەی لە تورکیادا نابێ وەک

کەمینەکانیتر هەڵسوکەوت لەگەڵ کورددا بکرێت، دەستی پێکرد.

لە ساڵی ١٩٢٣ ئەفسەرانی سەربازیی و شێخ و سەرکردەی عەشیرەت و کەسایەتییە ناودارەکانی شار کە هەموویان لە ڕۆژهەڵات دەژیان، ڕێکخراوێکی نوێی کوردیی بە ناوی "ئازادی"یان دامەزراند. زۆربەیان پشتیوانی بزووتنەوەی کەمالیستیان کردبوو و دوای ماوەیەك لەو بزووتنەوەیە ناهومێد ببوون. ئامانجیان دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی بوو، دەستیان کرد بە ئامادەکاریی بۆ ڕاپەڕینێکی گشتیی کورد. هەندێک ئەفسەر گومانی سەرۆکەکانیان لە حکوومەتدا وروژاند و ناچار بوون هەڵبێن. بە هیوای پشتیوانی بەریتانیا، چوونە عێراق، لەوێ لیستێکی درێژی نارەزایی نەتەوەی کوردیان پێشکەش بەو ئەفسەرە ئینگلیزییە هەواڵگیرانە کرد کە لێپرسینەوەیان لەگەڵدا کردن. بەو پێیەی ئەمە بە ڕوونی بیرۆکەی لانیکەم بەشێکی بەرچاو لە نوخبەی کورد لەسەردەمی پاییزی ساڵی ١٩٢٤دا بوو، دەرخستنی خاڵە زەقەکانی باسەکە گەلێك شایەنی لێکۆڵینەویە:

- یاسایەکی نوێی کەمینەکان گومانی ئەوەی لێکەوتەوە کە حکومەت دەیەوێت کورد لە سەرانسەری ڕۆژئاوای ئەنادۆڵ بڵاوبکاتەوە و ئاسیمیلیرەیان بکات و تورکەکان لە شوێنی ئەوان نیشتەجێ بکات؛

- لەگەڵ هەڵوەشانەوەی خەلافەت، پەیوەندیی نێوان کورد و تورک تێکچوو؛
- ئاخافتن بە زمانی کوردی لە قوتابخانە و دادگاکاندا لە ڕادەبەدەر سنووردار کرابوو؛ یاساغکردنی وانەوتنەوە بە زمانی کوردی بەو مانایە بوو کە سیستەمی قوتابخانەی کوردی بە شێوەیەکی کاریگەر لەناو بچێ؛
- وشەی "کوردستان" لە هەموو کتێبەکانی جوگرافیادا سڕایەوە؛
- نزیکەی هەموو بەرپرسە باڵاکانی حکومەت لە پارێزگا کوردنشینەکاندا تورک بوون؛ کورد بۆ خزمەتگوزاریی خوارەوە بەکار دەهێنرا، بەڵام گەلێك ئەستەم و بە وردیش هەڵدەبژێردران؛
- حکومەت هیچ یارمەتیەکی خۆشگوزەرانی بۆ ئەو باجانەی لە لایەن کوردەکانەوە بە دەوڵەت دەدران دابین نەکرد؛
- لە پارێزگا کوردنشینەکاندا حکومەت دەستوەردانی لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی ساڵی ١٩٢٣ کرد؛
- تاکتیکی حکومەتی تورکیا ئەوە بوو کە بەردەوام یاری بە خێڵێک بەرامبەر بە هۆزێکیتر بکات و بۆ لێکدابڕانیان لە بەرامبەر یەکتریان دابنێ؛

- گوندە کوردنشینەکان لەلایەن سوپای تورکیاوە تاڵان کران، ئاژەڵەکانیان داگیر کران و گەندەڵی لە داهات و پارەی پێداویستییە داواکراوەکاندا پەرەی ساند؛
- لە سوپای تورکیدا زۆرینەی کورد زۆر خراپ هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا دەکرا؛ بەزۆرەملیی بۆ قورسترین و ناخۆشترین ئەرکەکان هەڵدەبژێردران؛
- هەروەها حکومەتی تورکیی هەوڵیدا بە یارمەتی سەرمایەی ئەڵمانیا سەروەت و سامانی کانزایی ناوچە کوردنشینەکان بڕووتێنێتەوە.[25]

ڕەنگە لە هەندێک لەو خاڵانەدا زێدەڕەوییان تێدا کرابێت؛ بەڵام پەنابەرەکان دەیانویست ئەو بڕوایە بە بریتانیاییەکان بدەن کە هەموو کوردەکانی ژێر دەسەڵاتی تورك، دەسەڵاتی کەمالیستەکانیان ڕەتکردۆتەوە. لە لایەکیشەوە بە تەواوی ڕوون نەبوو کە ڕەتکردنەوەی سیاسەتی تورکیا تا چەند بەرەو پێشەوە چووە. بە دڵنیاییەوە ئەوەندە توندوتیژی نەبوو کە هەموو نەتەوەی کورد لەو ناوچانە ڕازیی بکات بەشداریی ڕاپەڕینەکە بکەن. کاتێک دواجار ڕاپەڕینەکە سەریهەڵدا: پشتیوانیی کورد لە ناوچەیەکی سنووورداری باکووری دیاربەکر دا قەتیس مایەوە. ئەفسەرێکی ئێرانی بە ناوی حەسەن ئەڕفەع "Hassan Arfa" کە ماوەیەکی کەم پێش ڕاپەڕین بەناو کوردستاندا سەفەری کردبوو، کۆمەڵێک هۆکاری دیکەی

[25] FO 371, 1924: E 11093/11093/65.

ڕاپەڕینەکەی خستەڕوو: جگە لە ئازاردانی هەستی ئایینی و سیاسەتی ئاسیمیلەکردنی حکومەت، ئاماژەی بە دۆخی خراپی ئابووری بەگشتی لە پارێزگاکانی ڕۆژهەڵات و نارازیبوونی سەرکردەی هۆزەکان کە ڕێگرییان لێکرابوو بۆ دووبارە هەڵبژێردرێنەوە بۆ ئەنجومەنی نیشتمانی و ترسی خاوەن زەویەکان لە کەمکردنەوەی ئیمتیازاتەکانیان (Arfa 1966, 37). [حەسەن ئەڕفەع ئەفسەرێکی ئازەربایجانیی سپاسی ئێران بوو و پێش چوون بۆ ئوروپا، بۆ ماوەیەکی زۆر شەڕی کوردانی کردبوو.]

دوای سەرهەڵدانی ڕاپەڕینەکان، بەهێزترین پشتیوانی بۆ ڕاپەڕینەکە خۆی لە ناوچە شاخاوییەکانی باکووری دیاربەکر، لە هەردوو دیوی ڕووباری موراد"Murad"، لقی ڕۆژهەڵاتی چۆمی فوراتدا دۆزیەوە. زۆرینەی دانیشتوانی ئەوێ یان زازان کە زیاتر لە زمانی ئێرانیی [لە ڕاستیدا لە هەورامی] نیزیکە و گەلێك جیاوازە لە زمانی کوردی، یان بە زمانی کرمانجی ئاخافتن دەکەن. جگە لە جیاوازی زمان، هەندێک جیاوازی بچووکی دیکەی کولتووریش هەن، بەڵام زازا بە گشتی خۆیان بە کورد دەزانن و هیچ بەربەستێک لەبەردەم کارلێکی کۆمەڵایەتی نێوان ئەو دوو ژێر گرووپە زمانەوانییە نابینن. بەڵام تەنیا زازای سوننە ڕاپەڕینەکەیان پشتیوانیی کرد. دانیشتوانی دەرسیم، لە ڕۆژئاوای ئەم ناوچەیە، زۆرینەیان عەلەوین و بەشێکی زازا و بەشێکی کرمانجی قسە دەکەن. هەرچەند بەشێک لە عەشیرەتەکانی دەرسیم لە ڕابردوودا نیشانەی ناسیۆنالیزمی کوردییان لەخۆیان نیشان دابوو، بەڵام پشتیوانیی ئەم ڕاپەڕینەیان نەکرد.

لە کاتی ڕاپەڕینەکەدا گوندەکانی زازای سوننە دۆخێکی ئابووریی گەلێك خراپیان هەبوو. هەرچەندە هەندێک بەرهەم بۆ فرۆشتن دەچێنران، بە تایبەتی توتن، بەڵام

خەڵکی گوندەکە بە پێچەوانەوە بۆ دەسڕاگەیشتن بە پێداویستییەکانی خۆیان ناچار بە ئاڵوگۆڕکردن دەکران، نەک بە کڕین. خاوەندارانی گەورەی زەوی زۆر نەبوون؛ زۆربەی خێزانەکان خاوەنی هەندێک زەوی و هەندێک ئاژەڵ بوون، بەڵام ئەمە بۆ ژیانێکی ئاسایی بەس نەبوو. برسێتی دیاردەیەکی نائاسایی نەبوو و بەتایبەت دوای شەڕەکەش بە گشتی دۆخی ئابووریی خەڵکی گەلێك خراپتر بۆوە. گوشاری سەر دانیشتوانی ناوچەکە و شەڕ وایکردبوو کە زۆرێک لە گەنجان لە شارەکانی دەوروبەر و تەنانەت لە شارە گەورەکانی ڕۆژئاواش بەدوای کاردا بگەڕێن. ژمارەیەکی بەرچاو لە کۆچبەرانی ئەو گوندانەی زازا لە دیاربەکر، ئەلازیق و ئەستەموڵ لە دۆخێکی گەلێك خراپدا دەژیان.

زازاکان لە هۆزی بچووک پێکهاتبوون، هەرکام لەو هۆزانە تەنیا گوندێک یان چەند گوندیان لەخۆگرتبوو. سەرکردەی گوندەکان بەزەحمەت لە ڕەعیەتەکانیان دەوڵەمەندتر بوون و دەسەڵاتی بەرفراوانی سەرکردەی هۆزە گەورەکانیان نەبوو. بابەتگەلێکی گرنگ کە کاریگەری لەسەر تەواوی عەشیرەتەکە بووە، وەکوو شەڕ و ناکۆکی و ململانێی ناوخۆیی و پەیوەندیی لەگەڵ عەشیرەتەکانیتر هەروەها ڕاپەڕینی ئەو سەردەمە، لەلایەن ئەنجومەنی پیران کە پێکهاتبوون لە سەرکردە (ئاغا) و موختار واتە سەرۆکی گوندەکان (Muhtar) و پیاوە ناسراوەکانی ناو گوند واتە(ڕیش سپی)کە ڕێزێکی زۆریان لێدەگیرا، بڕیاری لەسەر دەدرا. بڕیارەکانی

ئەنجوومەنی پیران بە گشتی لە لایەن خێڵەکانەوە بەبێ دوودڵی جێبەجێ دەکران. لە ئەگەری دروستبوونی ناکۆکی نێوان عەشیرەتە جیاوازەکان، زۆرجار ئەوە شێخەکان بوون کە فەرمانی کۆتاییان دەردەکرد. چەندین بنەماڵەی شێخەکانی نەقشبەندی لەو قەزایانە نیشتەجێ ببوون و زۆربەیان لە پیاوانی ئایینی پێکهاتبوون و کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر هۆزەکان هەبوو.

لە شاخە بەرزەکانی دووری باکوور، چیای بینگۆل، هۆزی گەورە و پێشتر کۆچەرییەکان کە سوننە و کرمانجی زمان بوون، گرنگترین توێژی دانیشتووانی ئەو ناوچەیەیان پێکهێنابوو. جیبران "Cibran" و دراوسێکانیان لە ڕۆژهەڵاتی ناوچەکە، حەیدەران "Haydaran" و حەسەنان "Hasanan"، پێشتر فەوجەکانی حەمیدییەیان پێکهێنابوو و سەرکردەکانیان لێهاتوویی سەربازییان بەدەستهێنابوو. ئەندامانی بنەماڵە پێشەنگەکانیان لە ئەستەموڵ پەروەردە ببوون، لەوێ لەگەڵ ناسیۆنالیستە کوردەکان هاتوچۆ و چاوپێکەوتنیان کردبوو. تاقمێکیان بوون بە ئەفسەر لە سوپای ئاساییدا. ئەندامانی ئەم هۆزانە بە قەبارەیەکی زۆر کەم کشتوکاڵی سادەیان لەگەڵ بەخێوکردنی هەندێک ئاژەڵ پیشە کردبوو، بەڵام سەرکردەکان دەوڵەمەند بوون و خاوەنی ئاژەڵ و زەوییەکی زۆر بوون. لە ناو جیبران"Cibran"ەکاندا ژمارەیەک هۆزی بچووکی عەلەوی دەژیان کە زۆرجار خۆیان لە ململانێی دراوسێ بەهێزەکانیاندا دەبینی. لە سەردەمی

فەوجەکانی حەمیدیەدا زۆرجار لەلایەن جیبرانەکانەوە هەراسان دەکران. سەیر نییە ئەوان دژی ڕاپەڕینەکە بووبن کاتێک جیبران پەیوەندییان بەو ڕاپەڕینەوە بووە.

لە باشوور و باشووری ڕۆژهەڵاتی گردەکانی زازا دەشتە بەپیتەکانی دیاربەکر و میافارقین"Miyafarkin " (سیلڤان) و موش ناوچەیەکی دەوڵەمەندیان پێکهێنابوو. خاوەن زەوییە گەورەکان لێرە حوکمیان دەکرد و زۆربەی خەڵکی گوندەکەش پشکدار یان جووتیاری کرێچی گەلێك هەژاری ئەوان بوون. دیارە ئەوان خۆیان وەک کورد دەبینی، بە زاراوەی کرمانجی قسەیان دەکرد، بەڵام وەک دراوسێکانی باکووریان لەناو عەشیرەتدا ڕێک نەخرابوون. ئەوان زیاتر پشتیان بە خاوەن زەوییەکانی دەرەوەی ناوچەکەیان بەستبوو و دۆخی ئابووریيان هێندە بەوانەوە بەسترابۆوە کە لە ڕاپەڕینەکان دوور کەوتبوونەوە.

قەزاکانی باشووری ڕۆژئاوای ناوچەی ڕاپەڕینەکان پێکهاتبوون لە مۆزایکێک لە هۆزە بچووکەکان و گرووپی گرێنەدراو لە خێڵەکان کە بنەماڵەی خاوەن زەویی مەزنیان تێدابوو و بە زاراوەی زازا و کررمانجی قسەیان دەکرد و بە پلەی یەکەم سوننە بوون، هەرچەندە عەلەویشیان لەناودا بوو. لە هەندێک شوێن لەپڕێکدا پاڵپشت بۆ ڕاپەڕینەکە سەریهەڵدا، لە شوێنی دیکەشدا حکومەت توانی دانیشتووان کۆبکاتەوە و بەرەنگاری ڕاپەڕینەکەیان بکات.

لە ناوچەکەدا چەندین بنەماڵەی شێخی کاریگەر هەبوون. هەموو شێخەکانی ئەو ناوچەیە لە ماوەی سەدەی نۆزدەهەمدا لێرە نیشتەجێ بوون و ڕەچەڵەکی ڕۆحیی و ئایینی خۆیان بۆ مەولانا خالید "Maulana Khalid" دەگەڕاندەوە. بەهێزترینیان شێخ سەعید کە بەڕەچەڵەک خەڵکی پالو "Palu" و شێخ زیائەددین خەڵکی نورسین"Nursin" لە نزیک موش یاخود سونگو "Sungu"بوو (بڕوانە نەخشەی ١ و ٢).




نەخشەی ١




نەخشەی ٢

باپیری شێخ سەعید لەلایەن ئەحمەد لە هەولێرەوە وەرگیرا کە کەسێکی متمانەپێکراوی نزیک (خەلیفە) مەولانا خالید بوو لە خانەقای نەقشبەندیی. باوکی زیائەدینیش "Ziyaettins" لەلایەن شێخ سیبغەتوڵڵای "Sibghatullah" هیزان "Hizan"(نزیک بیتلیس)ەوە ڕاهێنراوە، کە ئەویش سەید تەها باوکی شێخ عوبەیدیللا و خەلیفە مەولانا خالیدی ڕاهێناوە. ئەم لیستە هێڵی ڕۆحی ڕاستەوخۆی بنەماڵە و پێگەی بەرزی ناو نەقشبەندییەکان دەردەخات، کە کاریگەریی سیاسی و ئایینیشی بە شێخەکان بەخشیوە. ئەم پەیوەندیانە گەلێك گرنگ بوون چونکە نەوەکانی شێخێک و خەلیفەکانی بە شێوەی بەردەوام پەیوەندیی نێوان وەستا و شاگردیان پاراستووە. هەرچەندە زۆرجار خۆیان بە شێخ داناوە، بەڵام

نەوەکانی خەلیفە بەردەوام ڕێزیان لە بنەماڵەی شێخ گرتووە و لە تەمەنی گەنجیدا زۆرجار لەگەڵ جێگری شێخ پێکەوە ڕەوانەی خوێندن کراون.

زۆری نەخایاند شێخایەتی بوو بە دامەزراوەیەکی میراتیی؛ ڕەنگە شێخێک خەلیفەیەکی دیاری کردبێ، بەڵام جێگری شێخ بە دڵنیاییەوە یەکێک بوو لە کوڕەکانی. خەڵکی ئاسایی سەریان بۆ ئەو کارە دادەنا و هەوڵیان دەدا کوڕەکانی شێخێک بەو شێوەیە بناسن کە ڕێزیان بۆ شیخ هەبوو و بە هەمان شێوە هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا دەکردن، تەنانەت ئەگەر پەیڕەوییان لە تەریقەتیش نەکردبایە. بەو پێیەی شێخەکان لە ڕوانگەی مەکانییەوە دوور لە یەکتر نەبوون، بەردەوام لە کێبڕکێی دڵسۆزیی خەڵکی ناوچەکەدا بوون. بۆیە ململانێی نێوان بنەماڵە شێخەکان شتێکی نامۆ نەبوو، بەڵام بەردەوام مەیلیشیان هەبوو بە هاوسەرگیری لەگەڵ یەکتر پەیوەندییەکانیان باشتر و قایمتر بکەن. پەیوەندایەتی نێوان شێخ - خەلیفە، ڕەچەڵەکیان لە یەکتر و هاوسەرگیریی هاوبەش ئەم خێزانانەیان بە تۆڕێکەوە بەستەوە کە وەك جاڵجاڵوکە هەموو ناوچەکەی گرتبۆوە.

جگە لەو دوو شێخە و نزیکترین کەسوکاریان کە پێشتر باسمان لێوەکردن، ئەم شێخانەی خوارەوەش ڕۆڵیان لە ڕاپەڕیندا هەبووە: شێخ شەریفی گۆێیدەرە "Gökdere" لە ڕۆژهەڵاتی پالو، شێخ ئیبراهیم و مستەفای چان "Çan" لە

باکووری دوورتر، شێخ عەبدوڵڵای قەزای سۆڵحان "Solhan"، خزمێکی لە ڕێگای پەیوەندیی زەماوەندی شێخ سەعید و براکانی شێخ شەمسەدین و شێخ سەیفوڵڵای قەزای سیلڤان"Silvan". پێویستە ئەوەش زیاد بکرێت کە شێخ سەعید لە قەزای حنیس "Hınıs" ماڵێکی دووەم و لایەنگرێکی زۆری هەبووە. شێخ زیائەددین خەڵکی نورسین خۆی لە ڕاپەڕین دوور ڕاگرتووە.

کاریگەریی گەورەی ئەم شێخانە بەو مانایە نییە کە دانیشتوانی ناوچەکە لە ڕاستیدا پەیوەندییان بە تەریقەتی نەقشبەندییەوە بووبێت. لایەنگران (موریدەکان) بە مانای زێدەڕۆ تەنیا کەمینەیەکی بچووکیان پێکهێنا، هەرچەندە ئەرکیان لە بڵاوکردنەوەی ناوبانگی پیرۆزی شێخدا نابێت بە کەم سەیر بکرێت. لە نێو کوردەکاندا زۆرجار شێخ وەکوو مرۆڤی پیرۆزی زیندوو سەیر دەکرێن کە لێهاتوویی بەڕێوەبردنی هەموو چەشنە کەراماتێکیان هەیە.

پەیوەندییان لەگەڵ زێدەڕۆییدا زۆرجار پارادۆکسیکاڵە یان گەلێك ناشەفافە. لە لایەک تەریقەتی نەقشبەندی، بەتایبەتی لە دوای چاکسازییەکانی مەولانا خالیدەوە، بە زێدەڕۆترینی هەموو تەریقەتەکان دادەنرێت، چونکە زیاتر لە هەموو ئەوانیتر جەخت لەسەر پابەندبوونە بنەماییەکان دەکات. بۆیە پەیوەندییەکانی لەگەڵ زانایانی زێدەڕۆ بە گشتی نایاب و ناوازەن. ئەمەش بە گشتی شێخەکانی کوردی

نەقشبەندیی دەگرێتەوە. بەشێک لە زانایانی ڕێزلێگیراو لە تورکیا لە ڕاستیدا کوردی نەقشبەندی بوون. لە لایەکی دیکەشەوە، زۆرجار تێبینی ئەوە دەکرێ چلۆن ئەو هەموو ئاڵۆزییە لە کردەوەی ئایینی- پۆپۆلیستی، لە ژینگەی شێخەکانی نەقشبەندیی کورددا سەرهەڵدەدەن. زۆرجار وا گریمانە دەکرێ کە شێخ هێزی سیحراوییان هەیە و ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە خوداوە هەیە. پابەندبوون و پەرستنی ئەم شێخانە لەلایەن شوێنکەوتووانەوە هەندێک جار دەچێتە ئەوپەڕی زێدەڕۆیی خۆی کە بە دەگمەن لە شوێنەکانیتردا تووشی دەبین. بۆ نموونە شێخ عەبدولسەلامی بارزان لە لایەن شوێنکەوتووانیەوە بە مەهدی ناسێندرا و تەنانەت جارێکیان ئەحمەدی نەوەشی لە بیستەکانی سەدەی ڕابردوودا بە جەستەی خودا وەسف کراوە.[26]

لە قەزاکانی زازاشدا شێخەکان ڕێزێکی زۆریان لە لایەن خەڵکەوە لێدەگیرێ. بە شێوەیەکی بەرفراوان لایەنگرانیان پێیان وابووە ئەگەر مرۆڤ خۆی لەگەڵ شێخێکدا ڕێک نەخات، تف و لەعنەتی لێکراوە. پێیان وابووە شێخەکان دەسەڵاتی ئەوتۆیان هەیە کە شوێنکەوتە دڵسۆزەکانیان لەگەڵ خۆیاندا ببەن بۆ بەهەشت.[27] بە کردەوە خۆ

---

[26] Zu Abdussalam vergleiche Nikitine 1925; zu Scheich Ahmad vergleiche *Report by H.B.M.'s Government to the Council of the League of Nations on the Administration of Iraq* (1927), S. 23.
[27] Bozarslan: 1964; der Autor stammt selbst aus diesem Gebiet und war eine Weile Mufti in Kulp gewesen.

بەستنەوە بە شێخێک واتە لانیکەم ساڵانە جارێک یان دووجار سەردانی بکرێ، دیاری بۆ ببردرێ و لە بڕیارە گرنگەکاندا داوای ڕەزامەندی لێبکرێت، گەلێك باو بووە. لە دۆخی نەخۆشی یان نەزۆکیدا مرۆڤ هاواری بۆ شێخ بردووە و داوای نیعمەتی لێکردووە؛ پێیان وابووە ئەو نوشتانەی کە شێخ بۆی نووسیون، لە هەموو جۆرە مەترسییەک دەیانپارێزێت.[28] بەڵام لەوەش گرنگتر ئەو ڕۆڵە بوو کە شێخەکان لە چارەسەرکردنی کێشە و ململانێکانی ناو لایەنگرانیاندا دەیانگێڕا.

بەتایبەت ململانێی خوێنی نێوان هۆزە جیاوازەکان دەتوانێت تا کاتێکی نادیار بەردەوام بێت، مەگەر شێخێک کە هەردوولا ڕێزی لێبگرن، دانوستانیان بۆ بکات یان چارەیەکی یەکلاییکرەوەیان بۆ بدۆزێتەوە و ڕێکیانبخات. ناکۆکییەکانی دیکەش دەخرێنە بەردەم شێخەکان؛ ئەوان نوێنەرایەتی تاکە دەسەڵاتیان دەکەن و کاریگەرییەکی ئەوتۆیان هەیە کە لە سنووری خێڵەکی تێپەڕ دەبێ. بەم شێوەیە هێزێکی سیاسی بەرچاویان بەدەستهێناوە؛ زۆربەی شێخەکان لە هەموو سەرکردەیەکی هۆزی زازا بەهێزتر بوون. هەندێک لە شێخەکان بە بنیاتنانی شوێنکەوتووی چەکدار دەسەڵاتیان

---

[28] خۆم کاتێ منداڵ بووم لە لایەن سەید ئەسعەدی کوڕی شێخی زەمبیل کە فڕی بە دنیاوە نەبوو، نوشتەیەکم بۆ نووسرابوو. دایکم دەیگوت بۆ ئەوەی نەخۆش نەکەوی، دەبێ هەمیشە بەسەر شانتەوە بێ. ڕۆژێك بۆ ئەوەی بزانم چی تێدا نووسراوە، نوشتەکەم کردەوە. کوتە کاغەزێک بوو کە تەنیا چەند خەتی حەلەق مەلەقی تێدا کێشرابۆوە. وەرگێڕ

بەهێز دەکرد، بەمەش زیاتر وەک خاوەن زەوییە فیۆداڵییەکان هەڵسوکەوت و ڕۆڵی کۆمەڵایەتییان دەگێڕا، هەروەها خەمی دەسەڵات و کۆنترۆڵکردنی دونیایان بوو، نەک بابەتە عیرفانیە ڕۆحانییەکانی دوای مردن. بە پلەی یەکەم سەرنجیان لەسەر ژیانی دوای مردن نەبوو. ئەم شێخانە لە جیاتی ئەوەی خۆیان بە بابەتی مەعنەوی و سنوورداری ئایینەکەیانەوە خەریك بکەن، لەگەڵ شوێنکەوتە چەکدارەکانیان پێکهاتەیەکیان دروستکرد کە حوکمڕانی ناوخۆیی خاوەن کاریگەری سیاسی و سەربازی بەرچاوی لێکەوتەوە.

لێهاتووییان لە کەڵکوەرگرتنی چەکی ئاگرین و ئەسپ سواریدا وەك مرۆڤی خێڵەکی بەئەزموون بوو. لە سەردەمی شەڕی جیهانی یەکەمدا، شێخ شەریفی گۆێیدەرە دژی ڕووسەکان سەرکردایەتی هێزێکی نارێک و پێکی کرد، کە تواناییان بە تەواوەتی لە سەربازە پیشەییەکان دەچوو. هەروەها زۆربەی شێخەکان سامانێکی بەرچاویان لە زەوی و ئاژەڵ یان وەک دیاری و خەڵات لەلایەن شوێنکەوتووانیانەوە یان لە ئەنجامی کارە سەرکەوتووەکانیان بەدەستهێنابوو. بۆ نموونە شێخ سەعید لەگەڵ بنەماڵەی پێشەنگی هۆزی جیبران کە خاوەنی سامان و مەڕوماڵاتێکی مەزن بوون، هاوسەرگیری کردبوو. ئەمەش یارمەتی براکانی دا خۆیان وەک تاجری ئاژەڵفرۆش جێگیر بکەن، ساڵانە مەڕێکی لەڕادەبەدەریان لە چیاکانی بینگۆلەوە دەبردە خوارەوە بۆ

بازاڕە گەورەکانی شاری حەلەب. ئەم سامانە بەرچاوەیان بنەمای دارایی پێویستی بۆ ڕاپەڕین دابین کرد.

هەروەک پێشتر ئاماژەمان پێدا، دامەزرێنەرانی ڕێکخراوی ئازادی، لە چاو ڕۆشنبیرانی کۆمەڵە ناسیۆنالیستەکانی پێشووتر، پەیوەندییەکی نزیکتریان لەگەڵ دانیشتوانی کوردا پاراست. بەشێک لە ئەندامانی دامەزرێنەر ئەفسەری سوپا بوون کە لە ئەرزڕۆم جێگیر ببوون. لەو ناوەدا ڕەنگە خالید بەگ گەورەترین کاریگەریی کەسیی هەبووبێت؛ سەر بە بنەماڵەی پێشەنگی هۆزی جیبران بوو. ئیحسان نوری، ئەفسەرێکی دیکە، دواتر وەک سەرکردەی سەربازی ڕاپەڕینی ئارارات ناوبانگی دەرکرد؛ یەکێک بوو لەوانەی کە لە ساڵی ١٩٢٤ ناچار بوو خۆی و هێزەکەی بەرەو عێراق بکشێنێتەوە. جگە لە ئەفسەران، چەندین کەسایەتیی ناوداری شاریش لە دامەزرێنەرانی ئازادیدا بەشدار بوون؛ بەناوبانگترینیان یوسف زیای خەڵکی بیتلیس بوو کە نەوەی ئەمیری پێشووی ئەو شوێنە بوو و کاریگەرییەکی زۆری ناوخۆیی هەبوو. لە یەکەمین ئەنجوومەنی نیشتمانیدا ئەندامی بیتلیس بوو، بۆ ئەوەی لەوێ ڕێوشوێنی فریاگوزاری ڕێکبخات، هەوڵیدا پەیوەندییە سیاسییەکانی لە ڕۆژئاوا بۆ لایەنگرانی خەلیفە بەکاربهێنێت.

ئەندامانی ڕێکخراوەی ئازادی بە ئاگادارییەوە دەیانزانی دەسەڵاتی کەسیی زۆر کەمیان هەیە، بۆ ئەوەی داوای ڕاپەڕینێکی گشتی بکەن، ڕوویان لە زۆرێک لە سەرکردە عەشیرەت و شێخەکان کرد کە ناسراو بوون و شوێنکەوتووی گەلێك زۆریان هەبوو. یەکێک لەو مرۆڤانەی یەکەم کەس پەیوەندییان پێوەکرد، شێخ سەعید بوو کە هاوسەرگیری لەگەڵ بنەماڵەی خالید بەگ کردبوو. لە ساڵی ١٩٢٤ لە یەکەمین "کۆنگرە"دا باس لە دۆخەکە کرا و ستراتیژییەکیان دارشت. شێخ سەعید لەم کۆنگرەیەدا ڕۆڵی پێشەنگی بینی.

بەپێی گێڕانەوەی یەکێک لە بەشداربووانی ڕزگاربووی ناو کۆنگرەکە، شێخ وەک ناسیۆنالیستێک بەسۆز قسەی کردووە و لە وتارەکەیدا ئاماژەیەکی کەمی بە خەلافەت کردووە.[29] پێش ڕاپەڕینێکی گشتی، بڕیاردرا ساڵێکیتر چاوەڕێ بکرێت، چونکە ئەمجارە پێویست بوو بۆ دروستکردنی پەیوەندیی نێوان سەرکردە گرنگەکانیتری خێڵەکان و بەدەستهێنانی بەڵێنی پابەندکەر بۆ بەشداریکردنیان، هەوڵی زیاتر بدرێ. هەروەها بە پێویستیان زانی پەیوەندیی لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی تورکیا دروست بکرێت، بەتایبەتی لەگەڵ گروپی لایەنگرانی خەلافەت. پاڵپشتی نێودەوڵەتیش بە گرنگ سەیر دەکرا: پەیامنێران ڕەوانەی عێراق و گورجستانی سۆڤیەت کران. نە سۆڤیەت و نە ئینگلیز بەڵێنێکی پابەندکەریان پێ

[29] Interview mit Hesen Hi_yar, Qamischli, Syrien, April 1976.

نەدان. ڕوون نییە تا چ ڕادەیەک پەیوەندیی لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی تورکیا دامەزرابێ؛ هەرچەندە دواتر پارتی پێشکەوتنخوازی کۆمارییەکان بە پشتیوانیکردنی ڕاپەڕینەکە تۆمەتبار کران، بەڵام بەڵگەکان بۆ ئەمە لە ڕادەبەدەر لاواز بوون.

لە ماوەی چەند مانگی دوای کۆنگرە، لە سەرانسەری پارێزگا کوردنشینەکان پەیوەندیی بە سەرکردە عەشیرەتەکانەوە کرا. ئەمەش بەهۆی بەرزبوونەوەی ململانێ و ڕکابەریی نێوان هۆزەکان بابەتێکی گەلێك ئاستەم بوو. هەرکام لە سەرکردەی عەشیرەتەکان ئاگاداری ئەوە بوون کاتێک پەیوەندیی بە ڕاپەڕینێکەوە بگرن، لەوانەیە نەیارەکانیان لایەنگریی حکومەت بکەن و هێرش بکەنە سەریان. بۆیە سەرکردەی هۆزەکان پێویستیان بە گەرەنتییەکی گونجاو هەبوو؛ کەس ڕازی نەبوو ڕێککەوتنێکی لەو شێوەیە واژۆ بکات، پێش ئەوەی ڕکابەرەکانیان سەرەتا ئەوەیان نەکردبێت. شێخەکان لێرەدا ڕۆڵێکی گرنگیان هەبووە؛ ئەوان تاکە کەس بوون کە دەیانتوانی وەک نێوانجیگەریی نێوان سەرکردە عەشیرەتە ڕکابەرەکان مامەڵە بکەن و تەنیا ئەوکات متمانەیان بە یەکتر دەکرد کە بەڵێنی هاوکاریی لە بەردەم شێخێکدا بەڕێوەچووبا.

ئامادەکارییەکان بۆ هەموویان ڕوون و ئاشکرا بوون. تا پاییزی ساڵی ١٩٢٤ حکومەت دەیزانی چی ڕوودەدات و

یەکەم هەوڵی دەستگیرکردننەکانی بەڕێوەبرد. خالید بەگ و یوسف زیا "Yusuf Ziya" بە دیل گیران، چەند ئەفسەرێکیتریش بەرەو عێراق هەڵهاتن. هەندێک کە لە سەرەتادا خۆیان بە ڕاپەڕینەکەوە پابەند کردبوو، ئێستا ئیتر خۆیان لێ لادەدا. ئەفسەرە هەڵهاتووەکان لیستێکی سەرنجڕاکێشیان لە سەرکردەکان بەرهەمهێنا کە ئیدیعایان دەکرد پابەند بەو ڕاپەڕینەوە بوون. ئەو لیستەیە سەرۆک عەشیرەت، شێخەکان و ئەفسەرانی سوپای کوردی هەموو قەزا کوردنشینەکانی تورکیای لەخۆ دەگرت.[30]

لە سەرەتای ساڵی ١٩٢٥دا، ڕێکخراوەی ئازادی کۆنگرەی دووەمیان لە قەزای چان "Çan" کە تاڕادەیەک ئارام بوو و پێشتر حکومەت کاریگەرییەکی کەمی لەسەر ئەو ناوچەیە هەبوو، بۆ گفتوگۆکردن لەسەر بارودۆخی گۆڕاو بەڕێوەبرد. بەشداربووان تەنیا لە سەرکردەی هۆزەکان و شێخەکانی قەزای زازا و چیای بینگۆل پێکهاتبوون. زۆرێک لەوان نائارام بوون و پێشنیاریان کرد کە ڕاپەڕینەکە هەڵبوەشێنرێتەوە. شێخ سەعید چاوپۆشیی لەو نائارامیانەیان کرد: بە ئاماژەکردن بەوەی، "تاسەکە ئیتر هەڵخراوە"، هەروەها هیچ کاتێک نەماوە بیر لە مەترسییەکانی بکەینەوە، دەبێ ڕاپەڕینەکە بە پێی ئەو پلانەی بۆی دارێژراوە ڕێگای خۆی بگرێتەبەر. وادەی ڕاپەڕینەکەی بۆ مانگی ئایار دیاری کرد.

[30] FO 371, 1924: E 11093/11093/65.

شێخ خۆی لەگەڵ فەرماندە سەربازییە شارەزاکان سەرپەرشتی ئامادەکاریی زیاتریان لە ئەستۆ گرت. بڕیار بوو پێنج بەرە دروست بکرێن و لەسەر هەریەکەیان هێزە خێڵەکییە ناوخۆییەکان لە ژێر سەرکردەکانی خۆیاندا بۆ کۆنترۆڵکردنی شارۆچکەکانی نزیک، شەڕ بکەن. بۆ ئەوەی ناکۆکی لە نێوان عەشیرەتەکاندا دروست نەبێت، هەماهەنگی هەر بەرەیەک لە دەستی شێخێکدا بوو. شێخ سەعیدیش دەبوو خۆی لە ناوەندی بارەگاکان بمێنێتەوە و هەماهەنگی کارەکانی بەرە جۆراوجۆرەکان بکات.

بۆ ئامادەکردنی دانیشتوان بەگشتی، شێخ سەعید - بە ڕەچاوکردنی خوو و عادەتەکانی پێشووی - جەوڵەیەکی بە نێو ناوچەکانی لیجە "Lice" هانی "Hani"، پیران "Piran" و پالو "Palu" دا کرد، واتە ئەو شوێنانەی لایەنگرێکی زۆری هەبوو. لە هەموو وێستگەکانیدا وتارێکی پڕ سۆزی دژی حکومەت پێشکەش دەکرد، بە تایبەتی ڕێوشوێنە دژە ئیسلامییەکانی حکوومەتی ئیدانە دەکرد. دواتر لە کاتی دادگاییکردنیدا ئەم پوختەیەی لە یەکێک لەو وتارانەدا خستەڕوو: "قوتابخانەکان داخراون، وەزارەتی کاروباری ئایینی و ئەوقافی تەقوا هەڵوەشاونەتەوە، قوتابخانە ئاینییەکان خراونەتە ژێر کۆنترۆڵی وەزارەتی پەروەردەی نیشتمانییەوە. دەستەیەک لە نووسەرانی بێباوەڕ ورەیان هەیە سوکایەتی بە ئایین بکەن و ناوی پێغەمبەر لە ڕۆژنامەکانیان پەڵەدار بکەن. سەبارەت بە خۆشم ئامادەم بۆ پاراستنی دینەکەمان بەردەوام خەبات

بکەم، تەنانەت ئەمڕۆش ئەگەر پێویست بکات، ئەوکارە دەکەم." (Cemal 1955, 24).

ڕووداوێکی بچووک لەم گەشتەیدا زۆر زوو ڕاپەڕینەکەی وەرێخستووە. ژاندارمری خۆجێیی پیران ویستوویانە دوو کەس لە دەورووبەری شێخ سەعید دەستگیر بکەن، دوای ئاڵوگۆڕی تەقەی نێوانیان، یەکێک لە ژاندارمەکان کوژراوە. ئیتر نەدەکرا لەم ڕووداوە بێدەنگی بکرێت و شێخ بڕیاریدا ڕاپەڕینەکە دەستپێبکات.

مەبەستی ئەم وتارە ئەوە نییە باسێکی وردی ڕاپەڕینەکە بخاتە ڕوو، چونکە پێشتر لە شوێنەکانیتردا ئەم کارە کراوە.[31] هەروەک چلۆن زۆربەی هۆزە لاوەکییەکانی جیبران "Cibran" و هەندێک ناوچەی حەیدەران "Haydaran" و حەسەنان "Hasanan" یارمەتیی ڕاپەڕینەکەیان دەدا، هۆزەکانی زازاش بە یەکدەنگییەکی زۆرەوە پەیوەست بوون بەو ڕاپەڕینە. بۆ پشتیوانی لە ڕاپەڕینەکە، ڕاپەڕینی خۆبەخۆ لە چەمشکەزیک "Çemiskezek" ، پۆتورگە "Pötürge" و سیڤێرێک "Siverek"، ڕوویاندا کە لە ڕوانگەی جوگرافییەوە تا ڕادەیەک کەوتبوونە دوور لە ڕۆژئاوای ناوەندی ڕاپەڕینەکەوە. شەڕکەرانی زازا کە بە مەبەستی گرتنەوەی شارەکانی ئەلازیق "Elazıs"، مادن "Maden" و چەرمک "Çermik" بەرەو ڕۆژئاوا وەڕێ کەوتبوون، لانیکەم هاوکارییەکی پاسیڤیان لە کوردانی ناوچەکە وەرگرتبوو. بەڵام هەندێک هەوڵ بۆ وەرگرتنی یارمەتی شوێنکەوتوانی شێخ زیائەدین لە موش و هۆزی بەهێزی میللی"Milli" لە وێرانشار "Viransehir" لە باشووری دیاربەکر، شکستی هێنا. شاری گرنگی ناوچەکە کە دیاربەکرە لەلایەن چەکدارانی ڕاپەڕینەکەوە گەمارۆدرابوو، دانیشتوانی زازای

[31] Bruinessen 1984; 1978, 383ff.; Cemal 1955; Toker 1968.

شارەکە شەوێک یارمەتی دەستەیەک لەو چەکدارانە دەدەن و لە شوێنێکی شارەکەوە دەیانبەنە ژوورەوە. هەر زوو لەلایەن سەربازانی گارنیسۆن"Garnisons" لە شارەکەدا دۆزرانەوە و لەناوچوون.

شێخەکان لە ڕۆڵی سوپایی خۆیاندا بە شێوەیەکی تەواو کاریگەر چالاك بوون و بە کردەوە لە هەموو شوێنێک سەرکردایەتی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانیان دەکرد. ڕەنگە ئەم ڕاستییە یارمەتیدەر بووبێت بۆ پشتیوانیکردن لە ڕاپەڕینەکەی دەرەوەی ناوچەی زازا و ئەو بڕوایەی لە مرۆڤدا پێکهێنابێ کە ئەمە ڕاپەڕینێکی ئایینییە.

هەر کە حکومەت لە ئەنقەرە ئاگاداری ڕادەی چلۆنایەتیی ڕاپەڕین و یەکەم سەرکەوتنی سەربازیی شۆڕشوانان بوو، مافی بەڕێوەبردنی شەڕی دژ بە پارێزگاکانی ڕۆژهەڵات سەپاند. لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا فەتحی بەگ"Fethi Bey" (ئۆکیار"Okyar") سەرۆکوەزیرانی تورکیا جێگای عیسمەت پاشای (nönü) زێدەڕۆی گرتەوە و یاسایەک دەرچوو کە دەسەڵاتێکی نائاسایی بە حکومەت بەخشی. دەیان هەزار سەرباز ڕەوانەی ڕۆژهەڵات کران و فڕۆکەکانی حکوومەت بۆردومانی شۆڕشگێڕانیان کرد. لە یەکەم هێرشی سوپای ئاساییدا، هێزی سوپای ڕاپەڕینەکە بە شێوەیەکی خراپ شکستیان هێنا. پاشان شۆڕشگێڕان خۆیان بەسەر گرووپی گەریلادا دابەشکرد. بەڵام شانسێکی کەمیان هەبوو بەرامبەر

بەو ژمارە زۆرەی سەربازی حکوومەت کە بە تەواوەتی قەزاکانی زازایان گەمارۆدابوو و بەناو شاخەکاندا خەریکی دۆزینەوەی چەکداری کورد بوون، خۆراگریی بکەن. زۆرێک لە چەکداران کوژران، بریندار بوون یان بەدیل گیران؛ گروپەکانی دیکە توانییان بەرەو رۆژهەڵات هەڵبێن، لەوێش بەردەوام بوون لە چالاکییە گەریلاییەکانیان و پشتگیریان لە هەندێک راپەرینی ناوخۆیی کرد. شێخ سەعید و چەند هاوپەیمانێکی نزیکیان دوای ئەوەی لە دەستی سەربازانی حکوومەتیی خۆیان رزگار کردبوو، بەرێوە بوون بۆ ئەوەی چاویان بە سمکۆی سەرکردەی راپەرینی سنووری نێوان تورکیا و ئێران بکەوێت، بە دیل گیران. ئەمەش لە ١٤ی نیساندا روویدا، کە نزیکەی رێک دوو مانگ دوای دەستپێکردنی راپەرینەکە بوو.

شێخ و چەندین سەرکردەی دیکە خرانە بەردەم دادگای سەربەخۆیی کە تایبەت بە شۆرشگێرانی راپەرینەکە دانرابووو، ٤٨ کەسیان سزای لەسێدارەدانیان بەسەردا سەپێندرا. ئارامکردنەوەی ناوچە گوندنشینەکان نەک بە وریاییەوە بەڵکوو بە هێزێکی زێدەرۆی زۆرەملیی ئەنجامدرا، ئەمەش بەو مانایە بوو کە ئەو ناوچانەی کە لە بنەرەتدا لە راپەرین دوورکەوتبوونەوە، دواتر راکێشرانە ناو شۆرشەوە. زیاتر لە دە ساڵ بەردەوام لە سەرانسەری کوردستان راپەرین روویدا، هەندێکیان بە خۆجێیی و سەرکردایەتیی سەرکردە عەشیرەتەکان دژ بە دەستێوەردانی حکومەت و

هەندێکیتریش بەربڵاوتر و بە سەرکردایەتی ناسیۆنالیستەکان بەڕێوەچوون. بەڵام هیچکام لە ڕاپەڕینەکان ئیتر سیمایەکی ئایینییان نەبوو.

کەمالییەکان ئاگاداری هەردوو لایەنی ئایینی و ناسیۆنالیستی ڕاپەڕینەکان بوون. ئەوان هەم وەک ئایدۆلۆژیایەک سەیریان دەکرد - چینێکی فیۆداڵ - کە لە شێخ و سەرکردەی عەشیرەت و خاوەن زەوی پێکهاتبوو - بۆ بەرگریکردن لە بەرژەوەندییەکانی خۆیان کە لە ژێر هەڕەشەی چاکسازییەکانی کەمالیستی و بەردەوامبوونیان لە ستەملێکراوی جەماوەری دواکەوتووی ڕۆژهەڵات بەکاریان دەهێنا. وتاری سەرۆکی دادگای سەربەخۆیی دوای ئەوەی شێخ سەعید حوکمی لەسێدارەدانی بەسەردا سەپێنرا، ئەمە بەڕوونی دەردەخات: "هەندێک لە خەڵکی گوند و شارەکان بۆ پێشخستنی بەرژەوەندییە کەسییەکانیان لەو ڕاپەڕینەدا کۆدەبوونەوە لە کاتێکدا هەندێکی دیکە بەهۆی پڕوپاگەندەی بیانی و تەماحی کەسییەوە هاندرابوون. هەمووشیان کاریان بۆ ئامانجێکی دیاریکراو دەکرد، ئەویش دروستکردنی کوردستانێکی سەربەخۆ بوو. کاتێک ئەو ڕاپەڕینە گشتییەتان بەڕێوەبرد کە ساڵانێک بوو پلانتان بۆ دانابوو، ئەم ناوچەیەتان لە ژێر ئاگردا بەجێهێشت. خەڵکی بەدبەختی ئەم بەشانە کە ساڵانێک بوو لەژێر زوڵمی شێخ، ئاغا و بەگدا ژیانیان بەفیڕۆ دەچوو، هەروەها ماڵ و ژیانیان لە ژێر

دەسەڵاتی ئەو کەسانەدا بوو، ئیتر لە دەسەڵاتی خراپەی ئێوە ڕزگاریان بووە و ئێستاش لەسەر ڕێگای خۆشگوزەرانی و پێشکەوتنی کۆماری ئێمە بە ئاشتی و بەختەوەری دەژین، لەکاتێکدا پارەی ئەو خوێنانە دەدەن کە ڕژاندویانە و ئەو ماڵانەی کە وێرانتان کردوون".[32]

دەرەنجامە ئاشکراکەی ئەوە بوو کە کاردانەوەی ئایینی، ناسیۆنالیزمی کوردی و "فیۆدالیزم" بۆ بەدیهێنانی خۆشگوزەرانی و پێشکەوتنی هیواخوازیی کۆمار، دەبوو بنەبڕ بکرێن. یاسایەک فەرمانە عیرفانییەکانی (تەریقەتییەکان)ی قەدەغە کرد، پارتی پێشکەوتنخوازی کۆمارییەکانیش هەڵوەشایەوە، چونکە بە پشتیوانی نهێنی ڕاپەڕین تۆمەتبارکرابوو. جگە لەوەش دادگاکانی سەربەخۆیی سزای لەسێدارەدانیان بەسەر زۆر کەسدا سەپاند کە بە "زێدەڕۆ" وەسفیان کردبوون و دژی ئەو یاسایە بوون کە کڵاوی ڕۆژئاوایی لەبری عەمامە تەقلیدیەکان لەسەر بکەن. لێرەوە بەگشتی نەتەوەی کورد توندتر هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکرا: سەرکردە ناسیۆنالیستە دەستگیرکراوەکان لەسێدارەدران و دانیشتوانی ئەو ناوچانەی ڕاپەڕینیان تێدا بەڕێوەچووبوو بۆ ڕۆژئاوای وڵات دیپۆرتکران. ژمارەی ئەو کوردانەی لە ساڵی ١٩٢٧ دیپۆرتکراون بە ٢٠ هەزار کەس مەزەندە دەکرێت.[33]

[32] PRO, FO 371, 1925: E 3974/1091/44; ins Englische übersetzt von Angehörigen der britischen Botschaft aus einer offiziellen Verlautbarung.
[33] FO 371, 1927: E 2835; 3532/74/65.

بەرپرسێکی باڵیۆزخانەی بەریتانیا ئاماژەی بەوەداوە: "حکومەت لە ئێستاوە بۆ ئەو هاووڵاتییە کوردانەی کە شەڕیان لەگەڵ دەکات دەستیکردووە بە جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتەی کە لە ساڵی ١٩١٥دا بەسەر کەمینەی ئەرمەنیەکاندا بە سەرکەوتوویی جێبەجێکرا." بەڵام دوای لێبوردن، زۆرێک لە کوردەکان توانیان لە ساڵی ١٩٢٨ بگەڕێنەوە گوندەکانی خۆیان. دواتر شەپۆلێکی نوێی دیپۆرتکردنەوەی بەدوای خۆیدا هێنا.

بەرزبوونەوەی ئاسیمیلەکردنی کورد بوو بە سیاسەتی فەرمی حکومەتی تورکیا. تەوفیق ڕوشتو "Tevfik Rüstü" وەزیری دەرەوە بۆچوونەکانی خۆی سەبارەت بە پرسی کورد پێشکەشی باڵیۆزی بەریتانیا کرد. بە بۆچوونی ئەو لەوسەردمەدا بوونی سەربەخۆیی نەتەوە بچووکەکان ئیتر مومکین نییە. کورد بە تایبەتی بە ئاستی کولتووری "دواکەوتووی ترسناک"ی خۆیەوە، بە هیچ شێوەیەک نەیدەتوانی لە "سیاسەتی جەستە"ی گشتی تورکیەدا خۆی بتوێنێتەوە. وەک سوور پێستە ئەمریکییەکان چارەنووسیان لەناوچوون بوو، چونکە لە ڕووی ئابوورییەوە بۆ خەباتی ژیان لە کێبڕکێ لەگەڵ تورکە پێشکەوتووترەکان و ڕۆشنبیرەکان کە لە ناوچە کوردنشینەکاندا نیشتەجێ دەبوون، گەلێك جیاواز و دواکەوتووتر بوون.[34] پاشان ئەو جیاوازییە بە کردەوە تا

[34] FO 371, 1927: E 256/74/65.

ڕادەیەک خێرخوازانەتر دەرکەوت: ئەو کوردانەی ئامادە بوون خۆیان بگەێننە ئاستی تورکەکان، لە ڕاستیدا جێگەی خۆیان لە ژیانی سیاسی تورکیادا دۆزیەوە؛ سنووردارکردنەکان لە دواکەوتوویی ئابووری و کولتووریی هەرێمەوە سەرچاوەی گرتبوو.

بەڵام هەڵوەشاندنەوەی مەبەستداری "فیۆدالیزم" تەنیا دەستەواژەیەکی بەتاڵ مایەوە. هیچ کام لەو شێخ و سەرکردە عەشیرەتانەی سەرکردایەتی ڕاپەڕینیان کرد، لە ڕاستیدا خاوەن زەوییە گەورەکان نەبوون. لە لایەکی دیکەوە خاوەن زەوییەکی دەشتی دیاربەکر لە ترسی حکومەت هەوڵیدا جووتیارانی گوندەکەی لە دژی شۆڕشگێڕان سەرکردایەتی بکات. ئەو کەسە ناوی مەحمەت بەگ "Mehmet Bey" بوو کە لە بنەماڵەی دەوڵەمەندی جەمیل پاشازادە "Cemilpasazade" لە دیاربەکرەوە هاتبوو و ئەندامانی دیکەی بنەماڵەکەی لە چالاکییە ناسیۆنالیستیەکاندا بەشدار بوون.[35] زۆرجار سەرکردە و خاوەن زەوییە خێڵەکییەکان کە زۆربەیان "فیوداڵ" بوون خۆبەخشانە بۆ بەرژەوەندیی خۆیان هاوکارییان لەگەڵ حکومەتدا دەکرد. بەرپرسانی حکوومەت هەستیان بەوەش کردبوو کە ناوچە کوردنشینەکان تەنیا لە ڕێگەی ئەم توخمە "فیۆداڵییانەوە" دەتوانرێت بە شێوەیەکی کاریگەر کۆنترۆڵ بکرێت. ئەوانەی

[35] Berichtet wird dieser Vorfall von einem Einwohner Diyarbakırs (FO 371, 1925: E 3340/1091/44).

گومانی ناپاکییان لێدەکرا، ڕەوانەی تاراوگە کران، هەندێکی دیکەش بۆ کاری هاوبەشی هەڵبژێردران و جارێکی دیکە هاوژیانییەک لە نێوان بەرپرسانی پارێزگاکان و سەرکردە "فیۆدالییەکان" پەرەی سەندەوە.

سالانێکی زۆر لقە ناوخۆییەکانی پارتی گەلی کۆماریخواز لە ڕۆژهەڵات پشتیان بە نوخبەی تەقلیدی بەستبوو. ئەم هەلومەرجە ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە بۆچی لە هەڵبژاردنە ئازادەکانی ساڵی ١٩٥٠دا، حیزب تەنیا توانی لێرەدا بەرامبەر بە حیزبی دێموکرات بەرگری لە هێزی خۆی بکات کە لە هەموو شوێنێکی دیکەی وڵاتدا دەنگی هێنابووەوە. لە کاتێکدا پارتی دیموکرات زۆرینەی دەنگەکانی باقی وڵاتەکەی بەدەستهێنا، پارتی گەلی کۆماریخواز تەنیا لەو بوارانەدا پشتیوانی خۆی پاراست کە تایبەتمەندی کۆمەڵایەتی، سیاسی یان نەتەوەیی لە بەرژەوەندیدا بوو. ئەم ڕاستییە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە هەندێک هەلومەرجی ناوخۆیی یان دڵسۆزیی، سەرەڕای سەرکەوتنی نەتەوەیی حیزبی دێموکرات، هێزی پارتی گەلی کۆماریخوازیان لەم ناوچانەدا پاراستووە.

## پوختەی باباتەکە

ڕاپەڕینەکەی شێخ سەعید بە ڕوونی ناتوانرێ بە ئایینی یان ناسیۆنالیستی وەسف بکرێت. هەردوو لایەنەکە هەروەها هەندێک هۆکاری دیکەشی تێکەڵ بە یەکتر کرد، وەک بەرخۆدانێکی نەریتگەرا بەرامبەر بە هەر دەستێوەردانێکی حکومەت کەڵکی لێوەرگیرا. سەرکردەکانی ڕاپەڕینەکە بە پلەی یەکەم بەهۆی بیروباوەڕی ناسیۆنالیستییەوە، واتە ئامانجی پێشخستنی ناسنامەی نەتەوەیی یان سەربەخۆیی خۆیان، ڕاپەڕینیان وەڕێخستووە. سەرەڕای ئەوەش، لەوانەیە ئەوان تەماعی کەسییان هەبووبێت، وەک گەڕان بەدوای دەسەڵات، کاریگەری یان دانپێدانان، کە هەروەها ڕۆڵی خۆی لە پاڵنەرەکانیاندا گێڕاوە. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ڕاپەڕینەکە تەنیا لەبەر هۆکاری ئایدیۆلۆژیا نەبووە، بەڵکوو ڕەنگە بۆ بەرژەوەندی کەسیی سەرکردەکانیش بووبێت. وادیارە بیرۆکەی نەتەوەیی کورد هێشتا بۆ دانیشتوانی زۆربەی ناوچە کوردنشینەکان مانایەکی کەمی هەبووە، بۆیە سەرکردەکان دەبوو لە چوارچێوەی هەستی ئایینیدا بانگەوازی بۆ بکەن. دیارە دانیشتوانی گوندەکان لە مەترسی بەرجەستە بۆ سەر ئایینی ئیسلام بە جیددی نیگەران بوون،

بەڵام بە شێوەیەکی سەرەکی لە دڵسۆزیی و گوێڕایەڵی سەرکردە عەشیرەتەکان و ڕێزگرتن لە شێخەکانیان، پەیوەندییان بەو ڕاپەڕینەوە کردوە. دیارە لە ڕاپەڕینەکانی دواتردا هەرگیز هەستی ئایینی وەک هۆکاری پاڵنەر و سەرەکی دەرنەکەوت، بەڵام ئەوە بەو مانایە نەبوو کە گرنگی خۆی لەدەست دابێ. ئیمانداران کەمتر سەریان بۆ ڕاپەڕینی کراوە دادەنەواند بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ بەرخۆدانی شاراوە و ناوخۆیی. وەک شێخێکی بیری ناسیۆنالیستی بۆی ڕوونکردمەوە، سیاسەتی ئاسیمیلەکردنی حکومەت کەمترین کاریگەری هەبوو لەو قەزایایەی کە ئایین کاریگەرییەکی بەهێزیان هەبووە. ئاییندارەکان هەستیان بە تامەزرۆییەکی کەم دەکرد بۆ ئەوەی تێکەڵ بە کۆمەڵگایەک بن کە وەک بێباوەڕ سەیریان بکەن. بۆیە ئەوان بە تایبەتمەندییە کۆنەکانی خۆیانەوە چەسپان، زیاتر لە زۆربەی ڕێوڕەسم و دابونەریتەکانیتر، کولتووری کوردییان پاراست. شانازییان بە ناسنامەی کوردایەتی خۆیانەوە دەکرد، بەڵام پەیوەندییەکانیان بە بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردەوە تەنانەت دواى زیندووبوونەوەی لە کۆتایی شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا، هەر بە پەراوێزیی مایەوە.

تەواو